گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/8fgtnm78

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 28/09/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 01/12/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ڕەهەندەکانی میتۆد لە نێوان دیالێکتیک و هێرمۆنتیکدا

## توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە

**کوردستان مجید سعید[١] حەمید عەزیز سه عید[٢]**

kurdstan.saeed@su.edu.krd dr.hameed.aziz@gmail.com

[١+٢] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

میتۆد لە سەرەتای فەلسەفەی یۆنانییەوە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پێکهاتن و گواستنەوە و ڕونکردنەوە و فراوانکردنی زانیندا هەبوە. هەر کێشەیەکی نوێ کە لەهزری فەلسەفیدا سەرهەڵدەدات گریمانە و پرسیاری نوێی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. هەرئەمەش وادەکات فەیلەسوفەکان میتۆدی نوێی لێکۆڵینەوە و ئارگیومێنتکردن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کێشانە پەرە پێدەدەن. بە واتایەکیتر پەرەسەندن لە میتۆددا نەک هەر شێوازی گەیشتن بەڕاستی دەگۆڕێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێکهاتە و ئاراستەی بیرکردنەوەی فەلسەفی دەبێت. ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکاری بەراوردکاری لە دو میتۆدی فەلسەفی گرنگ دەکۆڵێتەوە، ئەوانیش دیالێکتیک و هێرمینۆتیک، مێژوی دروستبونیان و بناغە تیۆرییەکان و پرۆسەی گەشەکردنیان ڕوندەکاتەوە. لە دیالێکتیکدا تیشک دەخاتەسەر بۆچونی فەیلەسوفانی وەک: ئەفلاتون و کانت و هیگڵ، میتۆدێکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی لە ڕێگەی دژایەتی و نکۆڵیکردن و دیالۆگی نێوان چەمکەکانەوە. هەروەها لە هێرمێنۆتیک کە لەسەر بنەمای بۆچونەکانی شلایرماخەر و گادامێر دامەزراوە، میتۆدێکە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە لە دەق و دیاردە مرۆییەکان کە پەیوەندییەکی نزیک بەمێژو و زمانەوە هەیە. گرنگی هێرمێنۆتیک، بەتایبەت لە زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوە. ئەم بابەتە بە ڕونکردنەوەی لێکچون و جیاوازییە مێژویی و تیۆرییەکانی نێوان ئەم دو میتۆدە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەریەکەیان سەرەڕای ڕەچەڵەکی سەربەخۆییان، لە سەردەمی مۆدێرن و هاوچەرخدا کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبوە و تەنانەت لە هەندێک بواردا ڕۆڵی تەواوکەریی هەبوە. بۆیە گۆڕانکاری لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی دیالێکتیک و هێرمینۆتیکدا نەک هەر شێوازەکانی بیرکردنەوەی گۆڕیوە، بەڵکو بناغەکانی لۆژیکی فەلسەفی و میتۆدۆلۆژیایشی گۆڕیوە، چونکە میتۆد یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی لۆژیک و نیشاندەری سەرەکی ئاراستەی بیرکردنەوەی فەلسەفییە.

**کلیلە وشە**: میتۆد، دیالێکتیک، هێرمێنۆتیک، ئەفلاتون، شلایرماخەر.

# The Dimensions of Method Between Dialectics and Hermeneutics : A Comparative Analytical Study

**Kurdistan Majid Saeed**[1] **Hameed Aziz Saeed** [2]

[1+2]Department of Philosophy, College of Arts, Erbil, Salahaddin University, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract:

Since the dawn of Greek philosophy, method has played a vital role in the formation, transmission, elucidation, and expansion of knowledge. Each new problem arising within philosophical thought brings forth new doubts and questions, prompting philosophers to devise innovative approaches to inquiry and reasoning in their search for answers.

Engaging with the notion of method, therefore, does more than alter the path toward truth; it directly shapes the very structure and orientation of philosophical thinking itself. This research, employing a comparative–analytical framework, examines two major philosophical methodologies dialectic and hermeneutics by tracing their historical emergence, theoretical foundations, and subsequent evolution. The discussion of dialectic focuses on the perspectives of Plato, Kant, and Hegel, interpreting it as a mode of attaining truth through contradiction, dialogue, and the dynamic interplay of ideas.

The hermeneutic section, grounded in the works of Schleiermacher and Gadamer, explores the process of understanding and interpreting texts and human phenomena a process deeply intertwined with history and language. The relevance of hermeneutics, particularly in the human and social sciences, has been steadily increasing.by elucidating the historical and theoretical intersections and distinctions between these two methods, this study demonstrates that, despite their independent intellectual trajectories, dialectic and hermeneutics have significantly influenced one another in modern thought and, in some domains, function as complementary approaches.

Consequently, the transformation in how these methods are understood and applied has not only redefined the modes of philosophical reflection but also reshaped the logical and methodological foundations of philosophy itself for method stands as one of the essential pillars of logic and a decisive factor in guiding the course of philosophical inquiry

**Keywords** : Method, Dialectic, Hermeneutic, Plato, Schleiermacher.

## پێشەکی:

لە مێژوی فەلسەفەدا، "میتۆد" هەمیشە وەک ئامرازێکی سادە ڕۆڵی هەبوە و بەشێکی گرنگی لەهزری فەلسەفی پێکهێناوە. لەنێو ئەو میتۆدانە دیالێکتیک و هێرمێنۆتیک لە شیکردنەوە و تێگەیشتن لە واقیع و دەق جێگەیەکی تایبەتیان هەبوە. دیالێکتیک ڕەگ و ڕیشەی لە نەریتی فەلسەفی یۆنانی کۆنەوە هاتوە، ئەفلاتون لە شێوەی دیالۆگەکانی سۆکراتی وەک میتۆدێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی بەکاریهێناوە. لە سەردەمی نوێدا ئەم میتۆدە لەگەڵ کانتدا زیاتر پەرەیسەندوە و بوە بە ئامرازێک بۆ پشکنینی سنور و تواناکانی ژیر. هەروەها هیگڵ دیالێکتیکی گۆڕی بۆ سیستەمێکی هەمەلایەنە بۆ تێگەیشتن لە دژایەتییەکان و چارەسەرکردنیان و ڕونکردنەوەی بزوتنەوەی مێژو.

هێرمێنۆتیک له لێکدانەوەی دەقە ئاینییەکان لە دێرین و سەدەکانی ناوەڕاستدا سەریهەڵدا و وردەوردە لە سەردەمی مۆدێرن لەگەڵ شلایرماخەردا بو بە میتۆدێکی فەلسەفی بۆ تێگەیشتن لە دەق و بنیاتنانەوە. گادامێر لە سەدەی بیستەمدا هێرمێنۆتیکی لە بوارێکی فراوانتر بۆ لێکدانەوەی کولتوری هاوچەرخ و جیهانی بە بەستنەوەی بە زمان و مێژو و ئەزمونی مرۆڤەوە بەکارهیناوە. لە سەردەمی هاوچەرخدا هەردو میتۆدەکە لە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بەردەوامن و تێگەیشتنمان لەواتا و واقیع دادەڕێژن.

**گرنگی تویژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە فەلسەفە و تێگەیشتن، لە دیاردەکان و لە نەریتی فەلسەفیدا جەخت لەسەر گرنگی میتۆد دەکاتەوە. دیالێکتیک و هێرمینۆتیک، وەک دو میتۆدی بنەڕەتی بیری فەلسەفی، هەریەکەیان چوارچێوەیەکی جیاواز بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دیاردە و دەقەکان دابیندەکەن. پشکنینی مێژویی و چەمکی ئەم دو میتۆدە دەمانباتە سەر تێگەیشتنێکی قوڵتر لە پرۆسەی گەشەسەندنی بیری فەلسەفی و ڕۆڵی میتۆد لە بەرهەمهێنان و بنیاتنانەوەی زانیندا. بۆیە گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە پیشانی بدات کە تێگەیشتنی فەلسەفی ناتەواو و یەکلایەنە دەبێت بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە میتۆدکەی بکرێت.

**گرفتی تویژینەوە**: فراوانی و ئاڵۆزیی چەمکی"میتۆدی فەلسەفی"، سەختی تێگەیشتن لە دەقە ڕەسەنەکان بەهۆی زمانی تایبەتمەندەوە، نەبونی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی، سنورداربونی کات بۆ شیکردنەوەی سەرچاوە سەرەتاییەکان، هەروەها هەمەجۆریی لێکدانەوە فەلسەفییەکان کە هەڵبژاردنی خوێندنەوەی متمانەپێکراو قورس دەکات.

**پرسیاری توێژینەوە:** لە پرسیاری سەرەکی تویژینەوەدا ڕوبەڕوی ئەوە دەبینەوە کە: دیالێکتیک و هێرمێنۆتیک، لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنیان لە هزری فەیلەسوفانی وەک ئەفلاتون، کانت، هیگڵ، شلایرماخەر و گادامێر، چۆن وەک دو میتۆدی فەلسەفی لە شیکردنەوەی پرسە ئاڵۆزەکاندا بەکاردەهێنرێن؟ ئایە چ کاریگەرییەکیان لەسەر تێگەیشتنمان لە واقیع و دەق بۆ دروست دەکات؟

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەراوردکاری بەکارهێنراوە، ئەم میتۆدە خاڵە هاوبەش و جیاوازیەکانی نێوان ڕێبازە فەلسەفییە جیاوازەکان دەستنیشان دەکات و یارمەتیدەرە بۆ ڕونکردنەوەی لێکچون و جیاوازییەکانی نێوان بیرۆکەکان و بۆ هەر ڕێبازێک لەبنەما فیکرییەکاندا کە تێگەیشتنێکی وردتر دروستدەکات.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی بناغە تیۆری و میتۆدۆلۆژییەکانی دیالێکتیک و هێرمینۆتیکە؛ بە تایبەتی لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چەمکەکانی "تێگەیشتن" و "بەرهەمهێنانی واتای". ئەم توێژینەوەیە پیشاندەدات کە هەردو میتۆدەکە سەرەڕای جیاوازی مێژویی و چەمکی، هەوڵدەدەن میکانیزمی دینامیکی بیرکردنەوە و تێگەیشتن ڕونبکەنەوە. هەروەها هەوڵێکە بۆ کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ لە توێژینەوەی فەلسەفی و دابینکردنی بنەمایەکی زانستی بۆ دارشتن و پەرەپێدانی بیری فەلسەفی بە زمانی کوردی.

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە دو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرەیەک پێکهاتوە. **بەشی یەکەم** دیالێکتیک وەک شێوازێکی بیرکردنەوەی فەلسەفی. ئەم بەشە لەچوار تەوەر پێکهاتوە: تەوەری یەکەم: باسی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیالێکتیک دەکات؛ لە یۆنانی کۆنەوە تا سەردەمی هاوچەرخ. تەوەری دوەم: شیکارییەک بۆ دیالێکتیکی ئەفلاتون دەخاتە ڕو، تەوەری سێیەم: تایبەتە بە کانت و باسی چۆنیەتی ڕەخنەگرتن لە ژیر و دیالیکتیکی دەکات، تەوەرەی چوارەم: باسی هیگڵ و لێکۆڵینەوە لە پێکهاتنی سیستەمێکی تەواو لە دیالێکتیک لە فەلسەفەی هێگڵ دەکات. **بەشی دوەم**: باسی هێرمێنۆتیک و ئاسۆکانی تێگەیشتن دەکات. لە سێ تەوەر پێکدێت: تەوەرەی یەکەم: باسی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی

مێژویی هێرمێنۆتیک دەکات، لە لێکدانەوەی دەقە ئاینییەکان تا دەگاتە سەردەمی هاوچەرخ. تەوەرەی دوەم: باسی ڕۆڵی شلایرماخەر دەکات؛ لە دامەزراندنی هێرمێنۆتیکی فەلسەفی و پەرەپێدانی میتۆدی لێکدانەوەی دەقەکان. تەوەرەی سێیەم: باسی شیکارییەک بۆ گادامێر و تیۆری هەمەلایەنەی تێگەیشتن و زمان و مێژو دەکات.

## بەشی یەکەم: دیالێکتیک وەک شێوازێکی بیرکردنەوەی فەلسەفی

فەلسەفە لەنێو لقە جۆراوجۆرەکانی زانستی مرۆڤایەتیدا پێگەیەکی ناوازەی هەیە. هەڵوێستێک کە نەک تەنیا لە ناوەڕۆکی پرسیارەکانییەوە سەرهەڵدەدات، بەڵکو لە شێوازی ڕوبەڕوبونەوەی پرسیارەکان سەرهەڵدەدات. یەکێک لە گرنگترین ئەو لایەنانەی کە فەلسەفە لە زانستەکانی تر جیادەکاتەوە، لە شێوازی بیرکردنەوە و ئەو ئامانجەیە کە میتۆدی فەلسەفی پەیڕەوی دەکات. هەرچەندە زۆرێک لە زانستەکان بەهۆی گەشەکردنیان میتۆدی سەربەخۆ و جیاوازیان بەدەستهێناوە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی ئەم گرنگیدانە بە میتۆد دەتوانرێت لە ڕەنگدانەوەی فەلسەفیدا بدۆزرێتەوە. فەلسەفە هەر لە سەرەتاوە نەک هەر بایەخی بە ناوەڕۆک، بەڵکو بە شێوازەکانی بیرکردنەوەش داوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەوە دەکرێت بەمتمانەوە بڵێین: فەلسەفە یەکێکە لەو بوارانەی کە هۆشیارانە پرسی میتۆد دەخاتەڕو. ئەم توێژینەوەیە زیاتر سەرنجی لەسەر دو میتۆدی فەلسەفی گرنگ دەبێت، ئەوانیش دیالێکتیک و هێرمینۆتیکە. لەکاتی پشکنینی سروشت و تایبەتمەندییەکانی هەر میتۆدێکدا، بەدواداچون بۆ تێڕوانین و ڕونکردنەوەی ئەو فەیلەسوفانە دەکەین کە ئەم میتۆدانەیان پەرەپێداوە و بەکاریانهێناوە، بۆ ئەوەی پیشان بدەین کە چۆن ئەم دو میتۆدە چوارچێوەیەکی بەهێز بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی کێشە فەلسەفییەکان دابیندەکەن.

### ١-١- پەرەسەندنی دیالێکتیک لە فەلسەفەی یۆنانیەوە بۆ هاوچەرخ:

دیالێکتیک میتۆدیکی سیستماتیکی بیرکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەیە، جەخت لەسەر دژایەتی و ڕوبەڕوبونەوەی لۆژیکی دەکاتەوە و ئامانجیشی گەیشتنە بەڕاستی. دیالێکتیک لە ڕوی وشەییەوە، لە ئاوێتەی "دیا" و "لێکتیک" پێکهاتوە. "دیا" بەواتای دو لایانە بون، "لێکتیک" بەواتای لۆگۆس و گفتوگۆ و قسەکردن دێت. (فولکیە، ١٤٠٠، ١٠). ئەم چەمکە لە فەلسەفەی یۆنانی کۆنەوە سەرچاوەی گرتوە و لە نەریتەکانی وەک ئایدیالیزمی ئەڵمانی و ماتریالیزمی دیالکتیکدا پەرەپێدراوە. فەیلەسوفە جیاوازەکان بەشێوەیەکی جیاواز لێکدانەوەیان بۆ کردوە.

دیالێکتیک وەک یەکێک لە کۆنترین میتۆدەکانی هزری فەلسەفی، لە سەرەتای مێژوی فەلسەفەوە تا فەلسەفەی هاوچەرخ ئامادەیییەکی بەهێز و گەشەسەندنێکی بەرچاوی هەیە. سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی یۆنانی، کە فەیلەسوفەکانی وەک: هێراکلیتس، زینۆن، سۆکرات و ئەفلاتون، هەریەکەیان بەشێوازی تایبەتی خۆیان ڕۆڵیان هەبوە لە پێکهێنانی ئەم میتۆدە.

"هێراکلیتۆس" بەجەختکردنەوە لەسەر بنەمای دژایەتی و گۆڕانکاری، بناغەی ئۆنتۆلۆژیای دیالێکتیکی دامەزراند، وەک ڕوانگەیەک کە تێیدا واقیع گۆڕەپانی ململانێ و جولە بەردەوامە. گرنگترین فێرکاری "هێراکلیتۆس" بریتیین لە: "یاسای گۆڕان پوختەی و گەوهەر هەمو شتێکە، هەمو شتێک دەگۆڕدرێ تەنیا یاسای گۆڕان خۆی نەبێ، هەمو شتێک لە گۆڕانی بەردەوام دایە". (عزیز، ٢٠٠٨: ٧٤-٧٥).

"زینۆن" بە پارادۆکسە لۆجیکیەکانیەوە یەکەم هەنگاوە میتۆدۆلۆژییەکانی دیالێکتیکی گرتەبەر و جۆرێک لە لۆجیکی مشتومڕی سەرەتایی بەدەستهێنا. واتە سەرەتا پێشمەرجی دژبەری قبوڵکرد و دواتر بە نیشاندانی دژایەتییە ناوخۆییەکانی ناڕاستی ئاشکرا دەکرد. "سۆکرات" دیالێکتیکی گۆڕی بۆ میتۆدێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی لە ڕێگەی پرسیارکردن و دیالۆگەوە. "ئەفلاتون" لە درێژەدان بەم نەریتە، دیالێکتیکی لە ئامرازێکی ئارگومێنتەوە گۆڕی بۆ ڕێگایەک

بۆ زانین، میتۆدیک کە تێیدا ڕاستی نەک لە ڕێگەی هەستەکانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی بەڵگە و گەڕانی چەمکییەوە دەدۆزرێتەوە. بۆ نمونە: لە دیالۆگی کراتیلۆسدا بەم شیوەیە هاتوە: سوکرات: ئایا تو کەسێک کە بزانێت چۆن بپرسێت و چۆن وەڵام بداتەوە بە دیالیکتزان نازانیت؟ هرموگنس: بیگومان". (افلاطون، ١٣٨٠: ٧٤٤).

لە بەرامبەردا ئەرستۆ دیالێکتیکی وەک ئامرازێکی لۆجیکی بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچون و گریمانەکان لە چوارچێوەی ئەزمونی مرۆڤدا بەکارهێنا، ئەویش نەک بۆ بەدەستهێنانی ڕاستی ڕەها، بەڵکو بۆ زانینێکی ئەگەری و نزیک.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیالێکتیک دەچێتە ناو بواری ئیلاهیات و لە ژێر هەژمونی سکۆلاستیزمدا جێگەیەکی نویێ دەدۆزێتەوە. لە نەریتی مەسیحیدا بیرمەندانی وەک: ئەنسێلم، ئەبێلارد و ئەکویناس ئەم میتۆدەیان بەکارهێنا بۆ ڕونکردنەوە و بەرگریکردن لە باوەڕی ئایینی. میتۆدی دیالێکتیکی لە فەلسەفەی "تۆماس ئەکویناس"دا، یەکێکە لە نمونە هەرە دیارەکانی مشتومڕی ژیریی لاهوتی لە نەریتی سکۆلاستیدا. "لەو جیهانە بەپێز و فراوانە و سەرتاپاگیرەی "تۆماسی ئەکوینی"دا، دو میتۆدی بنەڕەتی لاهوتی سکولاستی سەرنج ڕادەکیشن:

یەکەم: میتۆدی دیالکتێکی بە واتای ئەو سەردەمە ئەو میتۆدە پشتی بەو بەڵگانە بەستوە کە لە کتێبی "مزگێنی" ئینجیلی مەسیحدا هاتون.

دوەم: لە سۆنگەی ئەو میتۆدەوە کۆشاوە بە هۆی فەلسەفە بە گشتی و بە هۆی فەلسەفەی پیادەرەوەکانەوە داکۆکی لە دۆگماکانی ئاینەکەی دەکات، بەپێی ئەم بەیەکبەستنەوەیە توندوتۆڵیی بنەما و بنەرەتەکانی ژێر بەبنەما سەرەکییەکانی بڕوا و ئیمانە، لاهوت کارەکتەر و خەسڵەتێکی سەرنجدان و وردبونەوەی ژیرەکی Rational پێبڕاوە". (عزیز، ٢٠٠٩: ١٦-١٧). لە ژێر کاریگەری ئەفلاتون و ئۆگستیندا، دیالێکتیک وەک ڕێگەیەک بۆ بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکی لەسەر خودا و بون بەکارهێنا.

لەسەردەمی مۆدێرندا، تێگەیشتن لە دیالێکتیک گۆڕانکاری بەسەردا هات. "کانت" لە کتێبی "ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد"دا، لەبری ئەوەی دیالێکتیک وەک میتۆدێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی لەبەرچاوبگرێت، وەک دەربڕینێک لە سەختییەکانی ژیری تیۆری لە ڕوبەڕوبونەوەی چەمکە میتافیزیکییەکاندا ناساندوە. بە بۆچونی ئەو ژیری مرۆڤ لە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەزموندا بەدەست وەهمەکانەوە دەناڵێنێت کە ڕەگ و ریشەی لە پێکهاتەی سروشتی خۆیدا هەیە. "ژیری مرۆڤ لە جۆرێکی چالاکی زانیندا چارەنوسێکی تایبەتی هەیە، بە چەند پرسیارێک باری سەر شانی قورس و سەخت دەبێ، کە ناتوانێ خۆیان لێ بەدوربگرێ، بە هۆی سروشتی ژیر خۆیەوە بەسەریدا سەپێنراوە و ناتوانێ وەڵاممانبداتەوە، چونکە بەتەواوەتی سنوری گشتی توانایی ژیری مرۆڤ دەبەزێنن".(عزیز، ٢٠١٦: ١٥٦)

"فیختە" بە جەختکردنەوە لەسەر ئاگایی پیشانیدا کە ئاگایی لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دیالکتیکییەوە گەشە دەکات. ئەم پەرەسەندنە لە فەلسەفەی هیگڵدا گەیشتە لوتکە. "هیگڵ" ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "تێزە"، "دژە تێزە"، "سەنتێزە". ئەمانیش لە هونەر و ئایین و فەلسەفەدا دەردەکەون و بەرجەستەدەبن. (عزیز، ٢٠١٢: ٣٤٤-٣٤٥). "هیگڵ" ئەم سێ قۆناغەی کردە بناغەی ئۆنتۆلۆژی و ئیپیستمۆلۆژی خۆی. ئیتر دیالێکتیکی هیگڵ چیتر تەنیا میتۆدێک نەبوە بۆ ئارگومێنت هینانەوە، بەڵکو لۆجیکی ناوخۆیی مێژو و سروشت و ژیری بو. گەشەی هۆشیاری و جوڵەی چەمکەکان و تەنانەت گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەمویان لەڕوی ئەم پرۆسەی دیالێکتیکییەوە ڕونکرانەوە."مارکس" بە وەرگرتنی چوارچێوەی فەلسەفەی"هیگڵ" بەڵام پێچەوانەکردنەوەی، دیالێکتیکی لە کایەی ئایدیاکانەوە گواستەوە بۆ بەستێنی مادده و مێژوی کۆمەڵایەتی. بۆیە دەبینین لە دیالێکتیکی مارکسیستیدا بەپێچەوانەی دیالێکتیکی هیگڵ بارودۆخی

ماددی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت. "هیگڵ پێیوابو بیرۆکەکان جیهان دەجولێنن و دەگۆڕن، بەڵام من بەپێچەوانەوە باوەڕم وایە ئەوە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤەکانە کە بیرۆکەکان دادەڕێژن و کۆمەڵگا دەگۆڕن". (مارکس، ١٣٨٣: ٦٦).

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەتایبەت "ئادۆرنۆ" جەختی لە "دیالێکتیکی نەرێنی" دەکردەوە و باسی لە شکستی عەقڵانییەتی ئامرازی لە بەدیهێنانی ئازادیدا دەکرد. لەلایەکی دیکەوە بونگەراکانی وەک "کیرکگارد" دیالێکتیکیان بردە ناو دەرونی مرۆڤەوە و بۆ وەسفکردنی گرژییە ناوخۆییەکانی نێوان باوەڕ و ژیر و تاکایەتی بەکاریانهێنا. "دڵەڕاوکێ سەرگێژخواردنی ئازادییە، کاتێک دەزانیت دەتوانیت هەڵبژێریت، لە هەمان کاتدا هەست بە ترس دەکەیت". (کیرکگور، ١٤٠١: ٦١). ئەو لە ململانێی نێوان "ئیمان و ژیر، ئازار و ئازادی، دڵنیایی و گومان"دا، بەدواداچون بۆ ئەزمونێکی دیالکتیکی کرد و نیشانیدا کە تەنیا لەم دژایەتییانەدایە کە تاک ئەزمونێکی ڕەسەنی خود و بون بەدەست دەهێنێت.

بەدرێژایی مێژوی میتۆدی دیالێکتیک لە ئامرازێک بۆ دیالۆگ و بەڵگە لە فەلسەفەی کۆندا پەرەیسەند بۆ چوارچێوەیەک بۆ ڕونکردنەوەی پێشکەوتنەکانی ژیر و مێژو و کۆمەڵگا لە فەلسەفەی مۆدێرن و هاوچەرخدا. تێگەیشتن لە پەرەسەندنی ئەم چەمکە نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە قوتابخانە و ڕێبازە فەلسەفییەکان، بەڵکو بە درێژایی مێژو شیکارییەکی قوڵتر بۆ شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان پێشکەش دەکات.

بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەرک و گەشەکردنی دیالێکتیک، لەم بەشەدا شیکارییەکی بەراوردکاری بۆ بۆچونی سێ فەیلەسوفی سەرەکی ئەفلاتون و کانت و هیگڵ دەخرێنەڕو. ئەم سێ بیرمەندە بەهۆی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە سێ قۆناغی سەرەکی گەشەسەندنی دیالێکتیکدا هەڵبژێردران؛ ئەفلاتون کە فۆڕمە کلاسیکییەکەی دامەزراند، کانت لە چوارچێوەی ڕەخنەکردنی ژیر پێناسەی کردەوە و هیگڵیش بۆ سیستەمێکی گشتگیر بۆ تێگەیشتن لە دژایەتی و داینامیکی مێژو پەرەیپێدا. بەراوردکردنی بۆچونەکانی ئەم سێ فەیلەسوفە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەر قۆناغێک وێڕای پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ قۆناغی پێشودا، ئاسۆی نوێی بۆ بەکارهێنان و تێگەیشتن لە دیالێکتیک لە فەلسەفەدا کردەوە.

**١-٢- دیالێکتیک بەپێی ئەفلاتون:**

دیالێکتیک لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا تەنها میتۆدێکی بەڵگەهێنانەوە نییە، بەڵکو ڕێگای گەیشتن بە ڕاستییە. "ئەفلاتون لەو باوەڕەدا بوە کە دیالێکتیک تاکە ڕێگایەکی لۆجیکمەندایە کە ئێمە بتوانین لەوێوە، یان بەهۆی دیالێکتیکەوە فۆرمە بەرز و نەگوڕەکانی جیهانی لە ماتەر بەدەر بدۆزینەوە". (کمال، ٢٠١١: ٢٨). دیالێکتیکی ئەفلاتونی بە پێچەوانەی مشتومڕ، یان سۆفیستی کە ئامانجیان سەرکەوتنە لە دیالۆگدا هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستی و نەهێشتنی هەڵە دەدات. ئەم میتۆدە بە وروژاندنی پرسیاری بنەڕەتی و شیکردنەوەی چەمکەکان ڕێگەخۆشدەکات بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری شتەکان و گەیشتن بە بیرۆکەی کۆتایی کە "چاکە"یە. " ئەو کەسەی بتوانیت بناسێت بەو ئاکامە دەگات کە فورمی چاکە هۆی هەمو شتێکی دروست و جوانە. سەرچاوەی ڕوناکی و جیهانی هەستەکییە لە جیهانی هۆشەکیشدا سەرپەرشتی هەمو شتێک دەکات تیگەیشتن و راستی لەوەوە دەردەچیت". (ئە فلاتون، ٢٠٠٩: ٢٣).

لە ڕوی واتاوە بەرهەمەکانی دیالێکتیکی ئەفڵاتون لە چەند جۆری واتاییدا بەکارهاتون: لە دیالۆگە سەرەتاییەکانی ئەفلاتوندا، دیالێکتیک بە هەمان واتای دیالێکتیکی سۆکراتی بەکارهاتوە، واتە هونەری ئارگومێنت لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە. لە پارمنیدس دیالێکتیک بە شێوەیەکی کردەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە خودی بیرۆکەکان وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتنێکی ورد لە چەمکە پەتییەکان بەکاردەهێنرێت. دواتر لە تیمایۆسدا دیالێکتیک بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی جیهان و پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان بەکاردەهێنرێت. لە تیمایۆس جیاوازی نێوان "ئەو شتانەی هەمیشە هەن و هەرگیز

ناگۆڕدرێن" (جیهانی ئایدیاڵ) و "ئەو شتانەی کە هەمیشە لە گۆڕاندان و هەرگیز جێگیر نین" (جیهانی هەستیار) ڕوندەکاتەوە و پەیوەندی نێوان ئەم دو جیهانە شیدەکاتەوە. (افلاطون، ١٣٨٠: ٤٧-٥٣) چەمکەکانی وەک "ماددەی سەرەتایی" و شێوە ئەندازەییە بنەڕەتییەکان کە توخمەکان پێکدەهێنن، بەبێ بەکارهێنانی دیالێکتیک ناتوانین لێیان تێبگەین. (افلاطون، ١٣٨٠: ٢٧-٢٩)

لە دیالۆگەکانی دواتردا دیالێکتیک تایبەتە بە پاککردنەوەی دەرون. لە دیالۆگی فایدروندا مرۆڤ بە یارمەتی دیالێکتیک دەتوانێت لە تێگەیشتنە ڕوکەش و هەستەکی تێپەڕێت و لە ڕاستی ڕاستەقینە نزیک ببێتەوە. سۆکرات دو قۆناغی سەرەکی بۆ ئەم ئەرکە دەناسێنێت: یەکەم: "سینۆپسیس"، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی شتە پەرشوبڵاوەکان و پێکەوە دانانیان لە ژێر یەک بیرۆکەدا، دوەمیان "دیارێسیس"، کە بریتییە لە دابەشکردنی چەمکێکی گشتی بۆ بەش و جۆرە جیاوازەکان بەپێی ڕێکوپێکی سروشتی خۆیان. سوکرات دەڵێت: "ئەوەی بتوانێت بە دروستی پێناسە و دابەشکردن بکات، وەک خودا وایە". (افلاطون، ١٣٨٠: ١٣٤١). ئەفلاتون لە دیالۆگی سۆفیستیدا دیسانەوە ئەم میتۆدە بەکاردەهێنێت بۆ پیشاندانی جیاوازی نێوان فەیلەسوف و سۆفیست. بە بۆچونی ئەو فەیلەسوف بەدوای ڕاستی دەگەڕێت، بەڵام سۆفیست بە وشەی جوان و فریودەر ڕاستی دەشارێتەوە. بەبڕوای ئەفلاتون دیالێکتیک تەنها میتۆدێکی گفتوگۆ نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاست و دۆزینەوەی واتای ڕاستەقینەی دیاردەکان. (افلاطون، ١٣٨٠: ١٤٧٨).

ئەفلاتون لە "دیالۆگی سیمپۆزیۆم"دا، خۆشەویستی وەک هێزێکی دیالکتیکی دەبینێت کە ژیر و گیان بەرەو ڕاستی ڕێنمایی دەکات. لەم دیالۆگەدا خۆشەویستی "ئیرۆس" بە ئارەزوی جوانی جەستەیی دەست پێدەکات و وردە وردە تاک بەرەو جوانی گیانی و ئاکاری و هزری دەبات. ئەم پرۆسەیە کە بە "پلیکانەی دیۆتیما" ناسراوە، پلیکانەیەک کە لە دیالێکتیکی خۆشەویستیدا مرۆڤ دوای خۆشویستنی جوانی شتە بەرجەستەکراوەکان عاشقی جوانی گیان دەبێت، پاشان جوانی ئاکار و دابونەریت و یاساکان دەبینێت، دواتر هەنگاوێک زیاتر دەنێت و دەکەوێتە ناوخۆشەویستی جوانی زانین، دواجار عاشقی جوانی ڕەها دەبێت، کە هەتاهەتایە جوانی ڕەها نەدروست دەبێت و نە لەناو دەچێت، نەملکەچی زیادبون و کەمبونەوەی هەرەمەکی دەبێت، نە بەشێکی جوانە و نە بەشێکی ناشرین، هەروەها هەندێکجار جوان و هەندێک جار ناشرین نییە هەمو شتە جوانەکان جوانی خۆیان لێوەرگرتوە، سودی بونەوەرە ماددییە جوانەکان ئەوەیە کە کەمتر جوانە لە سودەکانی بونەوەرە پەتیەکان، ئەمەش لە باوەڕی جیاواز نییە. (ئەفلاتون، ٢٠٢٠: ١٢٣-١٢٤). خۆشەویستی ڕاستەقینە کاتێک بەدیدێت، کە مرۆڤ وابەستەبون بە ڕاستییە سنوردارەکانەوە تێدەپەڕێنێت و بەدوای کامڵبونی ڕەهاکانی وەک ژیان و زانین و دەسەڵاتی ڕەهادا بگەڕێت.

لە بەرهەمەکانی دواتردا، وەک یاساکان، دیالێکتیک ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانە و ئاکاری هەیە، بۆ شیکردنەوەی چەمکە ئاکارییەکان و یاساییەکان بەکاردەهێنرێت. ئەفلاتون پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەنجومەنێک بۆ پاراستنی یاساکان پێکبهێنرێت، کە ئەندامەکانی شارەزابن لە دیالێکتیکدا، بۆ ئەوەی بتوانن سروشتی ئاکاری فەزیلەت شیبکەنەوە و بەپێی ئەو یاسایانە دایڕێژرێن. (افلاطون، ١٣٨٠: ٩٦٠-٩٦٥).

لە کۆماردا ئەفلاتون دیالێکتیک وەک ئامرازی سەرەکی بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی فەیلەسوف و حوکمڕانەکان دەناسێنێت. "ئەو دیالێکتیکە تاج و بەردی بناغەی هەمو زانستەکانە" (افلاطون، ١٣٨٠: ١١٦٠). بەم واتایە دیالێکتیک بنەمای زانستی و بنەمای یەکەمی زانستەکانە. ئەو نیشان دەدات کە تەنیا ئەو کەسانەی کە توانیویانە لە ڕێگەی دیالێکتیکەوە بگەنە تێگەیشتنێکی قوڵ، لە ڕاستی و بیرۆکەی چاکە دەتوانن کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بنیاتبنێن. بۆ نمونە ئەفلاتون ڕونی دەکاتەوە کە فەرمانڕەواکان دەبێت بتوانن چەمکەکانی وەک دادپەروەری و بوێری و چاکە جیابکەنەوە و

لە پەیوەندی نێوانیان تێبگەن، بۆ ئەوەی بڕیارەکانیان لەسەر بنەمای ڕاستی و دانایی بێت، ئەگەر ئێمە خاوەنی هەمو جیهان بوین، بەڵام لە چاکە بەتاڵ بوین سەروەتمان نابێت، ئەگەر هەمو زانستێکیش بەدەستبهێنین، بەڵام چاکە و جوانی نەناسین هیچ زانستێکمان نابێت.( افلاطون، ١٣٨٠: ١١١٧). دیالێکتیک لە کۆماردا ژیر لە وابەستەیی بە جیهانی هەست و ڕواڵەتی ڕزگار دەکات و تاک بەرەو جیهانی بیرۆکەکان ئاراستە دەکات، کە بنەماکانی دادپەروەری و چاکە بە ڕونی و ڕەها بناسرێت. بەم شێوەیە کەسێک کە شارەزا بێت لە دیالێکتیکدا، نەک هەر دەتوانێت لە چەمکە ئاڵۆزەکان تێبگات، بەڵکو توانای سەرکردایەتیکردنی ژیرانە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بە دادپەروەرانە بەدەستبهێنێت. ئەفلاتون پێیوایە بەبێ ئەم میتۆدە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت ڕاستی چاکەکان بزانێت و هیچ حکومەتێک ناتوانرێت بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەبچێت.

ئەفلاتون دیالێکتیک لە کۆماردا وەک ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەناسێنێت. ئەو نیشان دەدات کە هەندێک شت ناتوانرێت بە هەستەکان، یان بە ئەزمونی ڕۆژانە بناسرێن، تەنها لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی دەرونی و پشکنینی بیرۆکەکانەوە دەتوانرێت لێیان تێبگەین. بەدرێژایی ئەم ڕێگایە داوای یارمەتی لە هیچ شتێکی بەرجەستەدا ناکات، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە بیرۆکەکان لە ڕێگەی بیرۆکەکانەوە و لە کۆتاییدا دەگاتە بیرۆکەی ڕەسەن. (افلاطون، ١٣٨٠: ١١٢٧). ئەم ڕێبازە کە دەکرێ ناوی بنێین "سەرهەڵدانی ژیر"، ژیر لە وابەستەیی بە هەستەکان ڕزگاردەکات و بەرەو بنەما بنەڕەتییەکان و ڕاستییە سەرەتاییەکان دەبات، بنەماکان کە دەتوانن بنەمای زانین و تێگەیشتنی قوڵتر بن.

ئەفلاتون لە کۆماردا دیالێکتیک وەک بەرزترین شێوازی بەدەستهێنانی زانست دەناسێنێت؛ میتۆدێک کە ژیری مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە ژیر و پشکنینی چەمکە جێگیرەکان، بەدوای راستی ڕەهادا دەگەڕێت. بۆ ڕونکردنەوەی ئەم ڕێگایە، نمونەی ئەشکەوت بەکاردەهێنێت ئەویش بۆ وێناکردنی پرۆسەی دیالێکتیکی وەک گەشتێک لە تاریکیی نەزانییەوە بۆ ڕوناکیی ڕاستی. هەروەها "نمونەی میتۆدی بیرکاری پەیرەو کراوە. جیهانی پەیپێبردنی هەستەکی لەو سێبەرانە دەچێ کە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکە بەدەردەکەون. تەنیا ژیر خۆی دەتوانێ بونی ڕاستی پشتڕاست بکاتەوە". (عەزیز، ٢٠١٩ : ٦٢). لەم پرۆسەیەدا ژیر وردەوردە خۆی لە پشتبەستن بە ڕواڵەت و ئەزمونە هەستیارەکان دوردەخاتەوە و بەرەو بنەما و واقیعی ڕەها هەنگاو دەنێت. مرۆڤی ژیر وەک کەسێک کە لە تاریکی ئەشکەوتەکە دێتە دەرەوە و ڕوناکی خۆر دەبینێت، هەروەها لە ڕێگەی دیالێکتیکەوە فێردەبێت کە سێبەرەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی ناتەواوی ڕاستین و تەنیا لە ڕێگەی شیکردنەوە و بیرکردنەوە لە بیرۆکەکانەوە دەتوانرێت بگاتە ڕاستی کۆتایی.

"گریگۆری ڤلاستۆس" فەیلەسوفی ئەمریکی و شرۆڤەکاری فەسەفەی ئەفلاتون، لەگەڵ بیرکار و فەیلەسوف "نیکۆلاس وایتهد" پێیانوایە: "دیالێکتیک لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا تەنها بە واتای جیاکردنەوەی چەمکەکان، یان تەنها دابەشکردنێکی لۆجیکی نییە. بەڵکو لە هەر گفتوگۆیەکدا لایەنێک جەختی لەسەر دەکرێتەوە و تایبەتمەندییەکی دیالێکتیک گرنگ بوە. بۆ نمونە لە دیالۆگی سۆفیستیدا میتۆدی دابەشبون گرنگ بوە". (کراوت، ١٣٩٣: ١٨٨). هەروەها "میچڵ میلەر" و "کینێس سایر" هەردو فەیلەسوفی ئەمریکی کە شرۆڤەیان بۆ فەلسەفەی ئەفلاتون کردوە، بەتایبەتی لە بواری دیالێکتیک و هێرمینۆتیکیدا. پێیانوایە "ئەفلاتون لە دیالۆگی جیاوازدا دیالێکتیکی بە واتای جیاواز بەکارهێناوە، چونکە دیالێکتیک خۆی ئاست و قۆناغی هەیە و لە هەر قۆناغێکدا مرۆڤ دەگاتە ئاستێک و هەر قۆناغێک پێویستی بە جۆرێکی دیاریکراوی دیالکتیک هەیە. ئامانجی دیالێکتیک، یان ڕازیکردنی نەیار، یان هاوکاری نێوان دو کەسە بۆ ڕونکردنەوەی بابەتێک، گەیشتن بە قۆناغەی بیرۆکەی چاکە پێویستی بە ڕاهێنانەی سەرەتایی هەیە. پێویستە لە فێرکردنی

ژمێریاریی و پاشان ئەندازەیی و پاشان فەلەکناسی دەستپێبکرێت و بە زانستی هارمۆنی، یان مۆسیقا کۆتایی پێبهێنرێت، بە فێرکردنی ئەم زانستانە ڕۆحی مرۆڤ ئامادەیی و بەهرە بۆ دیالێکتیک بەدەست دەهێنێت". (میلر، ١٣٩٥: ١١٤-١١٦).

بەشێوەیەکی گشتی ئەفلاتون دیالێکتیکی بۆ دو قۆناغ دابەشکردوە، بریتیین لە: دیالێکتیکی بەرزبوەوە "الصعودی" و دیالێکتیکی دابەزین "النزولی". دیالێکتیکی بەرزبونەوە "الصعودی" ئەفلاتون، لە گەشتێک لە ئاستی خەیاڵەوە بۆ ئاستی باوەڕ دەستپێدەکات، پاشان بۆ ئاستی بەڵگە هێنانەوەی بیرکاری و دواجاریش بۆ ئاستی ژیری بێگەرد. لە ئاستی ژیری بێگەرد جوڵەیەک لە بیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکیتر هەیە تا مرۆڤ دەگاتە بیرۆکەی چاکە. دیالێکتیکی بەرزبوەوە لە فرەییەوە بۆ یەکگرتویی، بۆ ئەوەی ژیر بتوانێت هەمو شتێک بدۆزێتەوە و دواجار بگات سەرچاوەی بیرۆکەی چاکە. بەڵام دیالێکتیک دابەزین "النزولی"، لە بەرزترین بنەما و بناغەکانەوە دەستپێدەکات بۆ نزمترین ئاست ئەویش بە بەکارهێنانی میتۆدی دابەشکردن، واتە دوبارە دروستکردنەوەی زنجیرەیەک بیرۆکە بەبێ یارمەتی ئەزمون و شتە بەرجەستەکراوەکان. دەتوانرێت دیالێکتیکی ئەفلاتون بە یەکگرتویی سێ ڕەهەندی زانین، ئاکاری و ئۆنتۆلۆژی هەژمار بکرێت. لە ڕەهەندی زانیندا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە بیرۆکەکان، لە کایەی ئاکاری ڕێگای چاندنی ڕۆح بۆ جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە؛ و لە کایەی ئۆنتۆلۆژیدا پردێک لە نێوان ژیری مرۆڤ و پێکهاتەی ڕاستەقینەی جیهاندا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەفلاتون بە تاجی هەمو زانستەکان ناوی دەبات، چونکە هەر زانینەک تەنها کاتێک دەگاتە ڕاستی کە لە ژێر ڕۆشنایی دیالێکتیکدا بیری لێبکرێتەوە. لە ڕاستیدا دیالێکتیک بۆ ئەفلاتون ئەو پلیکانەیە کە ڕۆح لە سێبەرەوە بەرەو ڕوناکی و لە ڕواڵەتەوە بەرەو دڵنیایی بەرز دەبێتەوە.

**١-٣- دیالێکتیکی ترانسێندێنتاڵی لە فەلسەفەی کانتدا:**

کانت لە بەرامبەر ئالنگاری ئەزمونگەرایی "دیکارت" و "هیوم" فەلسەفەیەکی ڕەخنەیی بۆ دیاریکردنی سنور و تواناکانی ژیری مرۆڤ دامەزراند. لە "ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد"دا، نە ژیری بە ڕەها زانی و نە ئەزمونی بە تاکە سەرچاوەی زانین. دیالێکتیکی کانت ئامرازێکە بۆ ناسینەوەی هەڵە سروشتییەکانی ژیر، نەک گەیشتن بە ڕاستی لە ڕێگەی دژیەکی.

کانت پێیوابو میتافیزیک کە سەردەمانێک گرنگترین و بەرزترین لقی زانین بوە، ئێستا جێگای خۆی لەدەستداوە و بوەتە زانستێکی بێ بەها. کانت دەڵێت: ئەگەر ئێمە لەبری کردار تەنها پشت بە "ئیرادە" ببەستین، هێشتا میتافیزیک شایەنی ڕێز و نازناوی شەرەفمەندانە دەبێت. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا، ئیتر ئەمە وا نییە؛ میتافیزیک بوەتە بابەتێکی بێ بایەخ و تەنانەت خراپ بەکارهێنراو، و وەک خانمێکی دەربەدەر لە گۆڕەپانی زانستی دورخراوەتەوە. (کانت، ١٣٩٨: ٥) ئەمە تەنها گلەییەکی مێژویی نەبو، بەڵکو دانپێدانانێک بو بە بێتوانایی میتافیزیکی نەریتی لە پێشکەشکردنی ئەنجامە زانستییە ئەرێنییەکان. ژیر لە گەڕان بەدوای ڕەهاکانی وەک خودا و جیهاندا دەگاتە دژایەتییە پێکهاتەییەکان و وەهمە میتافیزیکییەکان. کانت لە پەرتوکی "ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد" بەو نیازەوە بوە کە میتافیزیک وەکو زانستەکانیتر پێشبخات، گەیشتە ئاکامێکی نالەبار و نێگەتیڤانە." (کەمال، ٢٠١١: ١٥). لە بەرامبەر ئەم قەیرانەدا کانت ڕێگای ئینکاری، یان تەسلیمبونی قبوڵنەکرد، بەڵکو پرۆژەیەکی بۆ ڕزگارکردنی میتافیزیک خستەڕو؛ بە دیارکردنی سنوری ژیر و ڕۆڵی خۆی لە تێگەیشتن لە ڕەهاکاندا ڕوندەکاتەوە. ژیر لە پرۆژەی کانت هەم ئامرازێکی بڕیاردان و هەم بابەتی لێکۆڵینەوەیە. ئەم دوانەیە بناغەی پرۆژەی ڕەخنەیە و پێویستی بە بوێری هەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی وەهمەکانی خۆی.

دیالێکتیکی ترانسێندێنتاڵی کانت تەنیا بەشێک نییە لە تیۆری زانین، بەڵکو شیکارییەکی دەرونی ڕەخنەگرانەیە بۆ ژیر، ئەو وەهمانە شی دەکاتەوە کە لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی چەمکەکانی وەک: هۆکارگەرایی، جەوهەر، خود، خودا و جیهانەوە سەرچاوە دەگرن. هەرچەندە ئەم چەمکانە لە ئەزمونی ڕاستەوخۆدا بەدەستنەهاتون، بەڵام بۆ ڕێکخستنی

بیرکردنەوە پێویستن. لە ڕوانگەی کانتەوە پێگەیشتنی هزری و پەسەندکردنی سنوردارکردنی ژیر و دورکەوتنەوە لە بانگەشەی زانینی ڕەهایە، دەبێتە هۆی خودئاگایی ڕەخنەیی. لە ناوەندی دیالێکتیکی ترانسندێنتالدا ژیر ڕوبەڕوی سێ پرسیاری بنەڕەتی دەبێتەوە: دەتوانم چی بزانم؟ پێویستە لە سەرم چی بکەم؟ دەتوانم بە هیوای چی بم؟ (عزیز، ۲۰۱۲: ۲۵۱). ژیری مرۆڤ لە جۆرێکی چالاکی زانیندا چارەنوسێکی تایبەتی هەیە، بە چەند پرسیارێک باری سەرشانی قورس و سەخت دەبێت، کە ناتوانێت خۆیان لێ بەدوربگرێت، بە هۆی سروشتی ژیر خۆیەوە بە سەریدا سەپێنراوە و ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە، چونکە بە تەواوەتی سنوری گشتی توانایی ژیری مرۆڤ دەبەزێنن. (عزیز، ۲۰۱٦: ١٥٤). کانت دەڵێت: ئەم پرسیارانە نەک لە ئەزمونەوە بەڵکو لە پێکهاتەی ناوەکی ژیرەوە سەرهەڵدەدەن و چەمکەکانی وەک "خۆد" و "جیهان" و "خودا" بیرۆکەگەلێکن کە ژیر بۆ ڕێکخستنی زانین بەکاریدەهێنن، بەڵام ئەگەر وا گریمانە بکرێت کە واقیعین ئەوا بەرەو هەڵەمان دەبەن. (کانت، ۱۳۹۸: ۸۰). کانت ئەم جۆرە بیرۆکانە لیکدەداتەوە: بیرۆکەی "خود" ئاماژەیە بۆ یەکگرتویی ئاگایی، بەڵام نابێت درێژبکرێتەوە بۆ جەوهەری گیان، چونکە ئەمە لەدەرەوەی ئەزمونە. "جیهان" وەک کۆی گشتی ڕەها لەگەڵ ئەزمونی ناتەواودا ناکۆکە و کێشەکانی بەرەو دژایەتی دەبەن. "خودا" بیرۆکەیەکە کە لە پێویستی یەکگرتویی کۆتاییەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام بەڵگەکەی لەدەرەوەی هێزی ژیر و ئەزمونە. کانت لە دیالێکتیکی ترانسندێنتالیدا چوار ناکۆکی بنەڕەتی پێشنیار دەکات، ناکۆکی بە واتای دژایەتییەکی ناوەکی و ناتەواو لەناو ژیریدا، ئەوانیش بریتیین لە:

ناکۆکی یەکەم: سەرەتا و کۆتایی جیهان:

تێز: جیهان لە کاتدا سەرەتاو دەستپێکی هەیە و بەپێی جێگاش سنورداره.

دژە: جیهان هیچ سەرەتا و دەسپێکی نییە و لە جێگادا بێ سنورە، بگرە لە کات و جێگادا بێ کۆتایی و بێ برانەوەیە.

ناکۆکی دوەم: تێکەڵکردنی سادە و ئاوێتە:

تێز: هەمو گەوهەرێکی لێکدراو لە جیهاندا لە چەند پارچەیەکی سادە و ساکار پێکهاتوە لە ساکار بەو لاوە بونی نییە، یان ئەوی هەیە لەوانەوە لێکدراوە و پێکهاتوە.

دژە: هیچ شتێک نییە لە جیهاندا کە لە چەند بەشێکی سادە و ساکار لێکدرابێ و پێکهاتبێ و لە هیچ جێگایەکدا سادە و ساکار نییە.

ناکۆکی سێیەم: ئازادی و دیاریگەرایی:

تێز: بنەمای هۆیەکی بەپێی یاساکانی سروشت تاکە هۆکارێک نییە بکرێ لێیەوە دیاردەکانی جیهان بە تێکرایی بکەونەوە. هۆیەکەیتر هەیە بە پێی ئازادی بۆ ڕونکردنەوەی دیاردەکان پێوێستە پەسند بکرێت.

دژە: کانت دەڵێت: لە جیهانی سروشتیدا ئازادییەکی ڕاستەقینە نییە و هەمو شتێک بەپێی یاساکانی سروشت ڕودەدات.

ناکۆکی چوارەم: بونی پێویست

تێز: بونەوەرێکی ناچارەکی ڕەها سەر بە جیهانە وەک بەشێک لێی، یان وەک هۆکارەکەی.

دژە: نە لەجیهان و نە لەدەرەوەی جیهاندا بونەوەرێکی ناچاریی ڕەها نییە کە هۆکارەکەی بێت. (عزیز، ۲۰۱۲: ۲٦۸).

کانت لە کتێبی "ڕەخنەکردنی ژیری پراکتیکی"دا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "خودا و ئازادی و نەمریی گیان" چەمک گەلێکن دەبێت وەک شتگەلێک بناسرێن و وەک گریمانەیەکی پێویستی ئاکاری قبوڵ بکرێن. ئەم سێ چەمکە کە لە دیالێکتیکی ترانسندێنتالدا ڕەتکراونەتەوە و لە ئاکاردا دەگەڕێنەوە، بەڵام نەک لە ڕوانگەی زانینەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی پێویستی پراکتیکییەوە. کانت بە تەواوی ئینکاری بیرۆکەی خودا ناکات، جیاوازی دەکات لە نێوان ڕۆڵی تیۆری و پراکتیکی

ئەم بیرۆکەیە. لە ڕوانگەی ئیپیستمۆلۆژییەوە بیرۆکەی خودا هیچ ڕۆڵێکی بۆ زانین نییە، بەڵام لە بواری ئاکاردا وەک گریمانەیەکی پێویست بۆ ڕێکخستنی ئیرادەی ئاکاری و دڵنیابون لە هاوتابونی بەختەوەری لەگەڵ فەزیلەتدا ڕۆڵێکی ڕێکخستنی دەگێڕێت. خودا لێرەدا ئۆبژەی زانین نییە بەڵکو چەمکێکە بۆ هیوای ئاکاری. بە تێڕوانینی کانت لۆجیک ئەگەر بەبێ سنور بەکاربهێنرێت لەوانەیە لە بوارەکانی دەرەوەی تواناکانیدا جێبەجێبکرێت، بەم شێوەیە ژیر دەچێتە قۆناغێکەوە کە کانت پێی دەڵێت "دیالێکتیکی". واتە شوێنێک کە لەبری ئەوەی بەرەو ڕاستی ببات بەرەو وەهم و خۆ فریودان دەبات. بۆیە بەشی دوەمی لۆجیکی ترانسندێنتالی، واتە دیالێکتیکی ترانسندێنتالی، ئەرکی ئاشکراکردنی ئەم هەڵانەیە و پیشاندانی دەدات کە ژیر لە هەوڵی خۆیدا بۆ ناسینی ڕەهاکان و شتەکانی دەرەوەی ئەزمون و چۆن کەوتۆتە کۆسپەوە. کانت دەڵێت: دیالێکتیکی ترانسندێنتالی هونەری فریودان نییە، بەڵکو ڕەخنەیە لە تێگەیشتن و ژیر، بە تێگەیشتن لە ژیری خۆیان. (کانت، ١٣٩٨: ١٠٠-١٠١). کانت باس لەوە دەکات، کە ئامانجی ئەو "چارەسەرکردنی ڕەگی نەخۆشی ژیرە" نەخۆشییەک کە لە دەرەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو لە پێکهاتەی ناوەوەی ژیر خۆیەوە سەرهەڵدەدات. ئەو ئەم نەخۆشیە بە "وەهمێکی ترانسندێنتالی" ناودەبات. بە پێچەوانەی هەڵە لۆجیکییە باوەکان کە دەتوانرێت بە ڕاهێنان و چاودێریکردن دوربکەونەوە، ئەم وەهمانە پێکهاتەیین و ژیر بەبێ ئیرادە، یان ئاگاداری مەیلی بۆیان هەیە.

ژیری مرۆڤ هەر کە لە کایەی ئەزموندا دانرا، درەوشاوەترین سەرکەوتنەکانی بەدەست دەهێنێت، بەڵام هەمان ئەو ژیرە، چونکە بە ئارەزوی خۆی سنوری ئەزمون دەبڕێت، لە وەهمەکانی دروستکراوی خۆیدا تێکەڵ دەبێت و تا زیاتر هەوڵ بدات زیاتر لە دژایەتیدا گیر دەبێت، بۆیە من بە ئەرکی خۆمم زانی خودی ژیر بهێنمە دادگای ژیر. (کانت، ١٣٩٨: ٨٠). لەو بارەیەوە کانت بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم وەهمە سێ چارەسەری سەرەکی دەخاتە ڕو:

١- جیاوازی نێوان دیاردە و شت لە خۆیدا: ژیر تەنیا دەستی بەو دیاردانە دەگات کە لە ڕێگەی هەست و تێگەیشتنەوە دەدرێن، شتەکە بۆ خۆی لە دەرەوەی ئەزمونە و ناتوانرێت بەدڵنیاییەوە بناسرێت.

٢- دیاریکردنی سنوری ژیر تیۆری: بەو واتایەیە کە ژیر تەنیا لە چوارچێوەی ئەزموندا کار بکات و خۆی لەو ئیدیعایانە بەدور بگرێت کە لە ئەزمون تێدەپەڕێت. ژیر دەبێت سنوردار بێت بە جێبەجێکردن لە ئەزموندا و دورکەوتنەوە لە بانگەشەی میتا ئەزمونی. وەک لە وتە بەناوبانگەکانی کانت دیارە "من زانستم وەلا ناوە بۆ ئەوەی شوێن بۆ ئیمان بکەمەوە".

٣- ڕەخنەی بنیاتنەر لە ژیر: لەبری ئەوەی ژیر زیادەڕەوی بکات، پێکهاتەی ئەو ڕەخنەیە و سنورەکانی ڕون دەکرێتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو میتافیزیکی بێ بنەماوە. (کانت، ١٣٩٨: ٧١).

لە سیستەمی بیرکردنەوەی کانتدا دیالێکتیک ئەو ساتەیە کە ژیر دەگاتە سنوری توانای خۆی و ئاڵنگارییەکانی. ئەم بەریەککەوتنە تەنیا چەقبەستویەکی هزری نییە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ گەیشتن بە هوشیاری ژیر. کانت بەپێچەوانەی پۆزەتیڤیزم کە ژیر بە سنوردار دەزانێت لە ئەزمونی هەستەکی هەوڵدەدات سنور و ڕەوایەتییەکەی دیاری بکات و ڕێگری لە لادانەکەی بکات. بۆیە هۆکاری پەناگەی کانت بۆ دیالێکتیک هەوڵێک بو بۆ تێگەیشتن لە سنوردارکردنەکان و ڕێگریکردن لە کەوتنەخوارەوەی ژیر بۆ ناو وەهم. دیالێکتیکی کانت جۆرێکە لە خۆئاگایی ژیرانە، کە مرۆڤی دانا لەبری ئەوەی بەدوای دڵنیایی ڕەهادا بگەڕێت، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە سەیری توانا و سنوردارکردنی خۆی دەکات، ئەمە ئەو پێگەیشتنەیە کە پرۆژەی ڕەخنەیی "ڕەخنەلەخۆگرتن"ی لەسەری بنیات نراوە.

### ٤-١- دیالێکتیک لە فەلسەفەی هێگڵدا:

دیالێکتیک لە ڕوانگەی هیگڵەوە شێوازێکە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕان و گەشەسەندنی بیرکردنەوە و واقیع. هیگڵ بەئیلهام وەرگرتن لە ئەفلاتون و کانت میتۆدێکی دیالکتیکی دارِشت، کە تیایدا هەر بیرۆکەیەک ڕوبەڕوی دژایەتی دەبێتەوە و بیرۆکەیەکی نویێ لێ دروست دەبێت.

میتۆدی دیالێکتیکی هیگڵ یەکێکە لە گرنگترین و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزترین بەشەکانی فەلسەفەکەی پرۆژەی دیالێکتیکی هێگل دەبێت، بەدامەزراندنی سیستەمێکی لۆجیکی بەدەر لە لۆجیکی ئەرستۆ پرۆژەیەکە بۆ ڕاڤەکردنی ئاگامەندیی ڕەها و بەرجەستەبونی سروشت و مێژو دەگرێتە خۆی. دەرخستنی بەرجەستەبونی ئاگامەندیی ڕەهایە کە دەبێت بەزەمینە بۆ هەمو دیاردەیەکی سروشتی مێژویی. (کمال، ٢٠١٦: ٦٧). فەلسەفەی هیگڵ بە پێچەوانەی کانت جیهان بە دینامیکی و دژبەیەک دەبینێت، کە تێیدا ڕاستی بەرهەمی گەشەسەندنی دیالکتیکیی چەمکەکانە. ئەو پێی وایە هەر بونەوەرێک دژایەتی خۆی بەرهەم دەهێنێت و ئەم دژایەتییە بنەمای میتۆدی دیالێکتیکی خۆیەتی. هزر تەنها کاتێک خۆی لەگەڵ خۆی و جیهاندا یەکدەخات کە لە پرۆسەیەکی دینامیکی و ناوخۆییدا بجوڵێت، نەک لەسەر بنەمای بنەما لۆجیکییە جێگیرەکان. دیالێکتیکی هیگڵ نەک تەنها میتۆدێکی شیکارییە، بەڵکو گوزارشتە لە پێکهاتەی واقیع و بیرکردنەوە. ئەم دیالێکتیکە سێ قۆناغی گشتی هەیە: "سەلماندن" تێز کە تێیدا چەمکێک، یان دۆخێک سەرهەڵدەدات، پاشان "دەژایەتی" ئەنتی تێز، کە پێچەوانە و نکۆڵیکردنی ئەو دۆخەیە، و لە کۆتاییدا " دژایەتی لە دژایەتییە " یان "سەنتێز" کە توخمەکانی هەردوکی لەخۆدەگرێت، بەڵام لێیان تێدەپەڕێت و دەگاتە ئاستێکی بەرزتر. ئەم کۆکردنەوەش لە بەرامبەردا دەبێتە تێزێکی نوێ و ئەم خولە تا بێکۆتایی بەردەوام دەبێت. بە وتەی هیگڵ، هەر ئەم "جوڵەی ناوەوەی چەمکەکان"ە کە هەم ژیر و هەم جیهان دادەڕێژێت. (هگل،١٣٨٠: ٩١). هیگڵ دیالێکتیک وەک پرۆسەیەکی دینامیکی دەبینێت کە تیایدا هەر قۆناغێک ڕوبەڕوی دژی خۆی دەبێتەوە و لەم دژایەتییەوە قۆناغێکی باڵاتر سەرهەڵدەدات. سەرەتا "تێز" یان بارودۆخی دەستبەجێ دروست دەبێت، پاشان "دژە" بە دژایەتی لە دژایەتی سەرهەڵدەدات. ڕوبەڕوبونەوەی ئەو دوانە دەبێتە هۆی "سەنتێزێک" کە هەم توخمەکانی پێشو دەپارێزێت و هەم تێدەپەڕێنێت. ئەم سەنتیزە یەکێتییەکی دەوڵەمەندتر و هۆشیارترە کە وەک تێزێکی نوێ دوبارە دەچێتەوە ناو خولەکەوە. بزوتنەوەیەک کە هیچ شتێک لەناو ناچێت، بەڵکو لە ئاستە بەرزەکاندا پارێزراو و کامڵ دەکرێت.

یەکەم نمونەی میتۆدی دیالێکتیکی لە لۆجیکی هیگڵدا بە پشکنینی چەمکی "بون" دەست پێدەکات. بە بڕوای ئەو "بونی بێگەرد"، یان "بونێکی پاک" بنەڕەتیترین و لە هەمانکاتدا بەتاڵترین چەمکە، چەمکێکی نادیار کە هیچ تایبەتمەندییەکی نییە. دەنوسێت: "بونی بیگەرد هیچ نییە جگە لە هیچبون". (هگل، ١٣٨٠: ٧٥). لێرەوە "بون" یەکسەر دەبێتە هۆی "نەبون"، بەو پێیەی هەردوکیان لە کۆتاییدا هیچ دیاریکردنێک، یان جیاوازییەکیان نییە. بەڵام لەم ململانێ ناوخۆییەدا چەمکێکی نوێ بە ناوی "بون" لەدایک دەبێت. بە وتەی هیگڵ: "بون یەکێتی نێوەندگیری بون و نەبونە". (هگل، ١٣٨٠: ٧٧). ئەم پرۆسەیە نمونەیەکی ڕونی دیالێکتیکی هیگڵە، جوڵە لە چەمکێکەوە بۆ دژەکەی، پاشان سەرهەڵدانی چەمکێکی نوێ کە تەنیا تێکەڵەیەک نییە بەڵکو پەڕینەوەی ئەو دوانەیە. ئەم "بونە" یەکەم فۆڕمی ڕاستەقینەی دیالێکتیکییە، چونکە ئەوە پیشاندەدات کە چۆن ڕاستی لە دژایەتی و نکۆڵیکردنەوە سەرهەڵدەدات. وەک "کەریم موجتەهیدی" لە شرۆڤەی فەلسەفەی هێگڵدا دەنوسێت: لە سیستەمی هیگڵیدا هیچ چەمکێک بە فۆرمێکی پەتی و یەکلاکەرەوە و کۆتایی تێناگات، بەڵکو ناسنامەی هەر چەمکێک لە ڕێگەی پەیوەندییەکەیەوە لەگەڵ دژی و جوڵەی ناوخۆیی هەمەلایەنەتر بەدەست دێت. (مجتهدی، ١٣٨٣: ٥٤). فەیلەسوفی هاوچەرخ "جاک دێریدا" دیالێکتیکی

هیگڵ دوپات دەکاتەوە و دەڵێت:"هێگڵ پیشانیدەدات کە دژایەتی وناکوکی تەنیا نیشانەی کیشە نین، بەڵکو هێزی بزوێنەری گەشەکردن و دینامیزمی چەمکەکانن: ئەوە جوڵە دیالێکتیکییە کە بەرەو تێگەیشتنێکی قوڵتر دەمانبات." (دریدا، ١٣٨٣: ٤٥). لای هیگڵ شتەکان بە واتای لۆجیکی دژ بەیەک نین، بەڵکو دژایەتییەکان لە جوڵە و گۆڕانکارییەکانیاندان بەهۆی یەکخستنی بەشەکانی ڕاستی هەر ڕوانگەیەکەوە دروست دەبن و کۆکردنەوەیەک پێکدەهێنن. "ئەوەی ئەمڕۆ زیندوە دەمرێت و ئەوەی ئەمڕۆ نییە سبەی لەدایک دەبێت. هەڵە دەبێت ئەگەر بڵێین لێرەدا دژایەتییەک هەیە. ئەگەر بڵێین تاکە مرۆڤێک لە یەک کاتدا زیندوە و لە ژیاندا نییە، دژایەتییەکمان هەیە، بەڵام ئەگەر بڵێین بونەوەرە زیندوەکان بۆنی مردنیان لێدێت، دژایەتییەک دروست نابێت". (فولکیە، ١٤٠٠: ٦٨). هیگڵ لە دەستەواژەیەکی پوختتردا ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە، دەڵێت: هەرچی ڕاستەقینە بێت ژیرەکیە، هەرچی ژیرەکیە واقیعییە. (فولکیە، ١٤٠٠: ٦٣). دەتوانرێت ئەمە وەک بەشێکی سەرەکی لە ڕەوتی دیالێکتیکی هیگڵدا هەژمار بکرێت.

لای هیگڵ دیالێکتیک تەنیا لە لۆژیکدا سنوردار نییە هەمو بوندا ئامادەیە. لە ئینسایکلۆپیدیادا دەڵێت سروشت "بیرۆکەیە لە شێوەی دەرەکیدا" (هگل،١٤٠٠ : ٣٣٧) واتە بیرۆکەکە کاتێک دەبێتە دەرەکی ، لە شێوەی جیهانی ماددیدا دەردەکەوێت، بەڵام هێشتا ناتەواو و پەرشوبڵاوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هیگڵ سروشت وەک جۆرێک لە نکۆڵیکردن لە بیرۆکەکە دەبینێت، قۆناغێک کە دەبێت تێیدا تێپەڕین بۆ ئەوەی بیرۆکەکە بتوانێت لە ئاستێکی بەرزتردا بگەڕێتەوە بۆ خۆی.

هیگڵ ڕونی دەکاتەوە: «بیرۆکە خۆی لە سروشتدا جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی لەم نامۆبونە بگەڕێتەوە بۆ خۆی» (هگل، ١٣٨٩: ٥٥). واتە سروشت قۆناغێکە لە دورکەوتنەوە و پاشان گەڕانەوەی دوبارەی بیرۆکەکە.کاتێک هۆشیاری لە سروشتەوە سەرهەڵدەدات، ئێمە دەچینە ناو کایەی ڕۆحەوە. لەم قۆناغەدا دیالێکتیک بە ڕونیتر و تەواوتر کاردەکات، چونکە ڕۆح بونێکە کە وەک هیگڵ دەڵێت "نەک هەر دەگۆڕێت، بەڵکو لەم گۆڕانکارییە تێدەگات". (هگل، ١٤٠١: ١٣٢). یەکێک لە باشترین نمونەکانی ئەم پرۆسەیە نمونەی ئاغا و کۆیلەیە. هیگڵ لەم بەشەدا دەنوسێت: "ئاگایی تەنیا لە ڕێگەی ململانێ لەگەڵ ئەویترەوە لە خۆی تێدەگات". (هگل، ١٤٠١: ١٣٢). واتە مرۆڤ لە ڕێگەی دژایەتی و پەیوەندی و ململانێ لەگەڵ ئەویتر خۆی دەناسێت.

هیگڵ دیالێکتیک وەک پرۆسەیەکی مێژویی و گشتگیر دەبینێت کە تیایدا ئاگایی وردە وردە گەشە دەکات و دەگاتە تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لە جیهان. هەر قۆناغێک سنور و ئەگەری خۆی هەیە و گرژیەکان دەبنە هۆی جوڵە بۆ قۆناغی داهاتو. دیالێکتیکی هیگڵ هەوڵێکە بۆ ئەوەی ڕونی بکاتەوە کە چۆن جیهان وژیر و مێژو و کۆمەڵگا لە ڕێگەی دژایەتییەوە گەشە دەکەن و چۆن دژایەتیەکان وێرانکەرنین بەڵکو بەرزکەرەوەن. ئەم بۆچونە فەلسەفەی هیگڵ دەکاتە سیستەمێکی گەورەی گشتگیر؛ کە تێیدا ڕاستی نەک لە خاڵێکدا، بەڵکو لە پرۆسەیەکدا بەرەو یەکێتییەکی تەواوتر دروست دەبێت.

## بەشی دوەم: هێرمێنۆتیک و ئاسۆکانی تێگەیشتن

### ٢-١- ڕەوتی مێژویی پەرەسەندنی هێرمێنۆتیک لە هێرمێنۆتیک لە سەردەمی کۆنەوە تا سەدەی هاوچەرخ:

وشەی "هێرمێنۆتیک" لە وشەی یۆنانی "Hermeneuein" وەرگیراوە، بە واتای "لێکدانەوە"، یان "وەرگێڕان". ریشەی ئەم دەستەواژەیە بۆ ناوی "هێرمۆس" دەگەڕێتەوە، خوای یونانییانی دێرین بو،کە ڕۆڵی گەیاندنی پەیام و سروشی خواکان بۆ یەکتری لە ئە ستۆ بو، لە هەمان کاتدا یارمەتی مرۆڤایەتیشی دەدا بۆ ئەوەی لە پەیامە ڕەمزیی و نهێنییەکانی خواکان و لە مەبەست و ئامانجی یەکتری لە قسەکردن و نوسیندا تێبگەن. (نیکفەر، ٢٠٠٧: ٩١). وەک دەبینیین هێرمێنۆتیک هێندەی تێگەیشتنی مرۆڤ کۆنە. سەرەتا وەک ڕێگایەک بۆ لێکدانەوەی دەق و ئەفسانە و ڕوداوەکان

سەریهەڵدا و دواتر وەک لقێکی زانستی و فەلسەفی پەرەی سەند. لە یۆنانی کۆنیشدا لێکدانەوەی بەرهەمەکانی هۆمەر و لە دەقە ئاینیەکان گرنگییەکی زۆری هەبوە و بەدوای میتۆدەکاندا دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی واتا شاراوەکان.

لە فەلسەفەی یۆنانیدا ئەفلاتون و ئەرستۆ ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهێنانی هێرمێنۆتیکدا هەبوە. ئەفلاتون لە بەرهەمەکانی وەک "کۆمار" و "فایدرۆن"دا پیشاندەدات؛ ئەگەرچی زمان دەتوانێت ڕاستی بگەیەنێت، بەڵام زۆرجار پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. ئەفلاتون لە فایدروندا ڕەخنە لە نوسین دەگرێت دژی قسەی زیندو. "نوسین وەک نیگارکێشان وایە، وێنەی بێدەنگ کە ئەگەر پرسیارێکیان لێ بکرێت وەڵام نادەنەوە. تەنها ئەوەی دەیڵێن دوبارەی دەکەنەوە". (افلاطون، ت: لطفی، ١٣٨٠: ٢٧٥). بەڵام هێرمێنۆتیک لە فەلسەفەی ئەرستۆدا بە پێچەوانەی ئەفلاتون زیاتر گرنگی بە زمان و لۆجیک و میتۆدۆلۆژیای لێکدانەوە دەدات، هەوڵدەدات سیستەمێک بۆ تێگەیشتن لە واتای زمان و لێکدانەوەی دەقەکان دروست بکات. ئە ڕستۆ لە کتێبی هێرمێنۆتیک (De Interpretatione)دا، "لە پەیوەندی نێوان زمان و ژیر و واقیع دەکۆڵێتەوە و دەڵێت: وشەکان هێمای دەرونی شت و دیاردەکانن و واتاکانیان ملکەچی یاسا لۆجیکیەکانن". (احمدی، ١٣٨١: ٤٧).

بۆ جولەکەکان لێکدانەوەی هێرمێنۆتیک لە "تەورات"دا گرنگی هەیە، لێکدانەوە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانییەکانە و هەوڵیاندا چەمکە ئایینیەکان لەگەڵ فەلسەفەدا هاوئاهەنگ بکەن. "ئەوەی کە هێرمنیۆتیکی کردە زانستێکی پێویست، پێویستی "حاخامەکانی" جولەکە بو، بۆ لێکدانەوەی تەلمود و میدراشیم". (Palmer, 1969: 5). ئەوەبو یەکێک لە گشتگیرترین فۆرمەکانی هێرمێنۆتیک لە چوارچێوەی لێکدانەوەی دەقە ئاینییەکانی جولەکەدا بەتایبەتی لە لێکدانەوەی تەورات. "هەڵوێستی نادیار بەرامبەر لێکدانەوەی دەقە ئاینییەکان لە سەدەی دوەمی پێش زایین لەلایەن اریستوبولوس دەستی پێکرد و بە کارەکانی عیسا کوڕی سیرا بەردەوام بو. (Kelly, 1998: 42). هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی هێرمێنۆتیک ڕۆڵێکی ئایینی و ئیلاهیاتی هەبو، بۆ لێکدانەوەی پەیمانی کۆن بەئامانجی دۆزینەوەی نیشانەکانی هاتنی مەسیح بەکارهات. "ئۆریجین" بە پێشنیارکردنی سێ ئاستی لێکدانەوە "وشەیی، ئاکاری، گیانی" جەختی لەسەر واتا شاراوەکان کردەوە، هەروەها "ئۆگستین" خۆشەویستی بە پێوەرەکانی تێگەیشتن دەزانی و پێی وابو کە چارەسەرکردنی نارونیی کتێبی ئایینی تەنها بە ڕێنمایی خودایی دەکرێت. لەم قۆناغەدا هێرمێنۆتیک وردە وردە پەرەی سەند، بەڵام گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا نەهات. لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هەرچەندە دەستەواژەی "هێرمێنۆتیک" باو نییە، بەڵام نەریتێکی قوڵ لە تێگەیشتن لە "قورئان"دا هەیە، جەخت لەسەر جیاکردنەوەی ئایەتی دیاریکراو و پێویستی لێکدانەوە دەکاتەوە. کە ئایەتەکانی "محکمات" و "متشابهات" جیا دەکاتەوە و لێکدانەوە بە چوارچێوەی زانستی ئیلاهی دەکات. "هُوَ الَّذِی أَنْزَلَ عَلَیْکَ الْکِتَابَ... مِنْهُ آیاتٌ مُحْکَماتٌ... وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ... وَمَا یَعْلَمُ تَأْوِیلَهُ إِلَّا اللَّهُ"( قرآن، سورە آل‌عمران، ایاتی ٧). ئەم ئایەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە قورئان نەک تەنیا لەسەر دەرکەوتنی بەڵکو لەسەر لێکدانەوە و دۆزینەوەی چینەکانی ناوەوەی بوە. سەبارەت بەوەی ئەگەر شتێک ڕون نەبێت، بۆ ڕونکردنەوە "وەڵامەکە وابو، کە ئەو ئایەتانەی تێیان دەگەن کاریان پێبکەن "اعلموا بها" ئەوانەشی تێیان ناگەن باوەڕیان پێ بهێنن. هەمان شت بابەتی ژیان و خواستی ئازاد دەگرێتەوە. ئیتر لێرەوە پیاوانی ئایینی هەستیان بەوە کردوە کە دەبێ دەست بە توێژینەوەی ئازاد و شرۆڤەکردن بکەن". (عزیز، ٢٠١٣: ٣١).

لە سەردەمی مۆدێرندا هێرمێنۆتیک بۆ لێکدانەوەی دەقە ئاینییەکان فراوانتر بوە تیۆرێکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە هەر دەقێک. ڕێنێسانس بە زیندوکردنەوەی دەقە کلاسیکییەکان و هەوڵی بیرمەندانی وەک "فیچینۆ" و "ئیراسموس" دەستپێشخەری ئەم پرۆسەیەی کرد. چاکسازی پرۆتستانت بە کەسایەتییەکانی وەک "لوتەر" و "کالڤین" قۆرخکاریی

کڵێسایان لە لێکدانەوە ڕەتکردەوە و جەختیان لەسەر لێکدانەوەی تاکەکەسی و ژیرەکی دەقەئاینییەکان دەکردەوە. لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا هێرمێنۆتیک هاتە ناو بوارە جیاکان و بو بە تیۆرێکی گشتی تێگەیشتن و واتا. لە فەلسەفەی هاوچەرخدا هێرمێنۆتیک لە میتۆدێکی لێکدانەوەی دەقەکانەوە پەرەی سەند بۆ تیۆرێکی فەلسەفی تێگەیشتن. "کانت" بە جەختکردنەوە لەسەر سنورداربونی زانین و ڕۆڵی ژیر لە پێکهاتنی واتادا ڕێگەی بۆ ڕێبازی مۆدێرن خۆشکرد. "شلایرماخەر" بە تێکەڵکردنی ڕۆمانسیزم و کانتیانیزم پێشنیاری بنیاتنانەوەی لە ڕێگەی زمان و دەرونناسیەوە کرد. "دلتای" بە جیاکردنەوەی "ڕونکردنەوە" لە زانستە سروشتییەکان و "تێگەیشتن" لە زانستە مرۆییەکاندا، هێرمێنۆتیکی وەک ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی واتا کلتوری و مێژوییەکان دەزانی. "هایدگەر" لەژێر کاریگەریی خۆیدا، هێرمێنۆتیکی لە ئاستێکی میتۆدۆلۆژییەوە بەرزکردەوە بۆ پرۆژەیەکی ئۆنتۆلۆژی و تێگەیشتنی هەمیشە وابەستەی بارودۆخی بونی مرۆڤ دەزانی. "گادامێر" بە تیۆری "ئاویتە کردنی ئاسۆکان"، جەختی لە پێکهاتنی واتا لە چوارچێوەی دیالۆگ و کارلێکی نێوان ئاسۆی دەق و وەرگێڕدا کردەوە و هێرمنۆتیکی کردە پرۆسەیەکی زیندو . " تێگەیشتن کاتێک ڕودەدات کە ئاسۆی ئێمە لەگەڵ ئاسۆی دەقەکە یان شتێکی دیکەدا یەکبگرێتەوە و لەم پەیوەندییەوە ئاسۆیەکی نوێ دروست دەبێت".(Gadamer, 2004 :306)

بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشەسەندنی هێرمێنۆتیک، ئەم بەشە شیکارییەکی بەراوردکاری بۆ دیدگای دو فەیلەسوفی دیار، فریدریش شلایرماخەر و هانس جۆرج گادامر دەخەینە ڕو. بەراوردکردنی ڕوانگەی ئەم دو فەیلەسوفە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەر قۆناغێک وێرای پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ قۆناغی پێشودا، ئاسۆی نوێ بۆ بەکارهێنان و تێگەیشتن لە هێرمێنۆتیک کردۆتەوە و پێگەی خۆی لە تەکنیکێکی لێکدانەوەی دەقەکانەوە فراوانتر کردوە بۆ ڕوانگەیەکی هەمەلایەنە بۆ تێگەیشتن لە ئەزمونی مرۆڤ.

**٢-٢- هێرمێنۆتیک فریدریش شلایرماخەر:**

فریدریش شلایرماخەر فەیلەسوفی ئەڵمانی، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی هێرمێنۆتیکی مۆدێرن. شلایرماخەر هێرمێنۆتیکی بردە دەرەوەی بازنەی لێکدانەوەی دەقە ئایینی و یاساییەکان و میتۆدی لێکدانەوەی دەقە ئایینیەکانی گۆڕی بۆ تیۆرێکی گشتی تێگەیشتن و واتا. بۆ ئەو هەمو دەقێک بەرهەمی ژیر و زمانێکی تایبەتە، تێگەیشتن لە دەقێک بریتییە لە گرنگیدان بە قسە و مەبەستی نوسەر و چونە ناو جیهانی هزری نوسەر "ئێمە لە بیرکردنەوەدا بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێین کە بیرمەند هەوڵی دەربڕینی داوە.(گروندن، ١٣٩١: ٢٠). شلایرماخەر تێگەیشتن لە دەقێکی وەک "دیالۆگێکی ناوەکی" لە نێوان خوێنەر و نوسەردا دەبینی، کە تێیدا خوێنەر هزری نوسەر لە ڕوی زمانەوانی و دەرونی و بە مەبەستەوە بنیات دەنێتەوە. بۆ ئەو وەرگێڕ، یان "مفسر" بە شێوەیەکی چالاکانە واتای دەقەکە بنیات دەنێتەوە و هێرمنۆتیکیش "هونەری تێگەیشتن"ە، نەک تەنها کۆمەڵێک یاسا. شلایرماخەر بەم بۆچونە مەودایەکی جددی لە هێرمێنۆتیکی تایبەتەوە گرتەبەر و هەوڵیدا بنەمایەکی تیۆری بۆ هێرمێنۆتیکی گشتی دابڕێژرێت. شلایرماخەر توانی هێرمێنۆتیکێکی گشتی پەرەپێبدات کە پێش ئەو پێشنیار نەکرابو. "هێرمێنۆتیک وەک زانستێکی تێگەیشتن پیش شلایرماخەر بە گشتی بونی نەبوە، ئەوەی هەبو لە چەند هێرمێنۆتیکێکی تایبەت پێکدێت". (گروندن، ١٣٩١: ٢١). هەروەها ئەو پێی وابو: کە هەمو دەقەکان لە بنەڕەتدا زمانەوانین و دەتوانرێت بنەما گشتییەکانی تێگەیشتن بۆ هەمویان جێبەجێ بکرێت، تەنانەت ئەگەر تایبەتمەندییە تایبەتەکانی هەر دەقێک پشتگوێ بخرێن بەم شێوەیە شلایرماخەر ناچار بو تایبەتمەندییەکانی هەر دیسیپلینێکی لێکدانەوە پشتگوێ بخات و جەخت لەسەر لایەنە هاوبەشەکان بکاتەوە. بە واتایەکیتر ئەو بەدوای یاسایەکدا دەگەڕا کە بۆ هەر جۆرە تێگەیشتنێک ڕەوا بێت، بەبێ گوێدانە ناوەڕۆک و فۆرمی دەقەکە."هەر لەبەر ئەم

هۆكارە هێرمێنۆتیكی بە جۆرێک لە توانا، یان لێهاتوویی دەزانێ، كارامەییەک كە لە یەک كاتدا لە بنیاتنانەوەی مەبەستی نوسەر و پێكهاتەی زمانی دەقەكەدا چالاک دەبێت". (ریكور، ١٣٨٢: ٧٢).

شلایرماخەر هێرمێنۆتیكی نەک تەنها وەک تەكنیكێک بۆ لێكدانەوەی دەقە ئایینی، یان یاساییەكان، بەڵكو وەک لێهاتووییەكی گشتی مرۆڤایەتی كە لە هەر بەریەككەوتنێكدا لەگەڵ دەقێكدا بەكاردەهێنرێت. ئەو تێگەیشتنی وەک پەیوەندییەک لە نێوان زانینی دەرونی نوسەر و شیكاری زمانەوانیی دەقەكەدا دەبینی، لە هەمان كاتدا مەبەستی تاكەكەسی و ئەو پێكهاتە زمانەوانییەی كە ڕەنگە لێی دوربكەوێتەوە، لەبەرچاو دەگرت. بەم شێوەیە ڕوانگەیەكی دامەزراند كە تێگەیشتن وەک پرۆسەیەكی دینامیكی و فرەڕەهەند دەبینێت كە بۆ هەمو دەقەكانی مرۆڤ دەگونجێت. ئەم بۆچونە گۆڕانكارییەكی ڕیشەیی لە تێگەیشتن لە هێرمێنۆتیكدا دروستكرد، چونكە تێگەیشتن چیتر وابەستەی تایبەتمەندییە بابەتییەكانی دەقێكی دیاریكراو نەبو، بەڵكو ملكەچی میكانیزمی گشتیتر بو. لەم ڕوانگەیەوە هێرمێنۆتیک بو بە زانستێكی فەلسەفی كە لە مەرجەكانی ئەگەری تێگەیشتن دەكۆڵێتەوە. "لەم ڕووەوە شلایرماخەر بە پێچەوانەی نەریتە ئایینی، یان ئەدەبیەكانی پێش خۆی بابەتی هێرمێنۆتیكی بە دەقی تایبەت نەزانی، بەڵكو بە خودی "تێگەیشتن"ی دەزانی". (ریكور، ١٣٨٢: ٧٣).

شلایرماخەر ڕوانگەیەكی جیاوازی هەیە، ئەو پێی وایە واتای دەق تەنیا بەمەبەستی هۆشیاری نوسەر سنوردار نییە، بەڵكو دەبێت ژیان و بیركردنەوە تەواوی نوسەر لەبەرچاو بگیرێت. شلایرماخەر بەو ئەنجامە دەگات كە ڕەنگە خوینەر بگاتە تێگەیشتنێک لە بەرهەمەكەدا نوسەر خۆی لێی ئاگادار نییە، چونكە ڕەنگە بەشێک لە دەقەكە لە ناهوشیاری نوسەرەوە دروست بوبێت. هەروەها پێی وایە هەمیشە ناتوانرێت بگوترێ واتای بەرهەمێک تەنیا لە مەبەستی هۆشیارانەی نوسەرەوە سەرچاوە دەگرێت. "تەنانەت ڕەنگە خوینەر لە خودی نوسەر باشتر لە بەرهەمەكانی نوسەر تێبگات، چونكە نوسەر هەمیشە ئاگاداری هەندێک لایەنی بەرهەمەكەی نییە". (شلایرماخر، ١٣٩٧: ٦٢). لە بەرامبەر ئەو بۆچونەی شلایرماخەر، "ویلهێلم دیلتای" بە شیویەكتر بیردەكاتەوە، دیلتای واتای دەقێک دەگەڕێنێتەوە بۆ مەبەستی نوسەر كاتێک دەقەكەی دەنوسێت. لە ڕوانگەی ئەو ئامانجی سەرەكی هێرمێنۆتیک گەیشتن بەمەبەستی هۆشیارانەی نوسەرە و جەخت لەوە دەكاتەوە كە تێگەیشتن لە دەقێک تەنیا كاتێک دەكرێت كە بینەر و خوێنەر بتوانێت ئەزمونی دەرونی نوسەر تێبگات. ئەو دەڵێت: "پرۆسەی تێگەیشتن بریتییە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەزمونە ژیاوەكانی نوسەر لەناو خوێنەردا". (دیلتای، ١٣٨٩: ٨٤).

شلایرماخەر بەپێداگری لەسەر یەكگرتویی واتا، ئەگەری فرە واتا بۆ دەقێک ڕەتدەكاتەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە "هەمو دەقێک دەبێت واتایەكی دیاریكراو و كۆتایی هەبێت كە بە هەوڵی لێكدەرەوە بتوانرێت بەدەست بهێنرێت". (شلایرماخر، ١٣٩٧: ٩٩). شلایرماخەر جەخت لەسەر یەكگرتویی واتا دەكاتەوە، بەڵام لە دەقە مێژویی و فەلسەفییە كۆنەكاندا، وەک بەرهەمەكانی ئەفلاتون، ئەم بۆچونە كێشەدارە، چونكە بۆ ئەوەی لە واتای كۆتایی تێبگەین دەبێت هەمو لایەنەكانی ژیانی نوسەر، لە بارودۆخی مێژویی و كولتورییەوە تا دەگاتە باری دەرونی خۆی بزانرێت. بەڵام زانیاری تەواو لەم جۆرە بۆ نوسەرانی كۆن ئەستەم نییە و بەگشتی تەنیا ئەو بەشانەی ژیانیان كە تۆماركراون، یان ناسراون لەبەردەستدان. شلایرماخەر دۆزینەوەی مەبەستی نوسەری بە ئامانجی سەرەكی هێرمێنۆتیک زانی، بەڵام پێی وابو بۆ گەیشتن بە واتای كۆتایی دەقەكە تەنیا نابێت پشت بەوە بەستین. وەک سپینۆزا جەختی لەسەر كردەوە، "ناتوانرێت واتای دەقە ئاینییەكان تەنیا بەمەبەستی نوسەر سنوردار بكرێت، چونكە تێگەیشتن پەیوەستە بەچوارچێوەی كولتوریی و مێژوییەوە". (اسپینوزا، ١٣٩٠: ٥٨). بەبۆچونی ئەو هەمو چینەكانی واتای دەقە لە ژێر كاریگەری كولتور و پێشهاتە

مێژوییەکاندا دەبێ لەبەرچاو بگیرێن. لەم چوارچێوەیەدا شلایرماخەر دو ڕەهەندی سەرەکی لێکدانەوە پێشنیار دەکات: هێرمێنۆتیکی ڕێزمانی و هێرمێنۆتیکی تەکنیکی.

یەکەم: هێرمێنۆتیکی ڕێزمانی: لە پێکهاتەی زمان و تایبەتمەندییە ڕێزمانی و واتاییەکانی دەقێکدا دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەماکانی زمانەوانی و ڕێزمان لێی تێبگەین. ئەمەش لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت:

١- پێناسەی ورد بۆ قسەکردن: دیاریکردنی واتای وشە و ڕستەکان لە چوارچێوەیەکی زمانەوانیی دیاریکراودا، پشتبەستن بەو ڕێسا زمانەوانیان کە نوسەر و خوێنەران هاوبەشن.

٢- پەیوەندییە واتادارییەکانی وشەکان: تێگەیشتن لە واتای هەر وشەیەک لە ڕێگەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ وشەکانی دیکەی ناو ڕستە و پێکهاتەی گشتیی دەقەکە. بە شێوەگشتییەکەی، ئەم جۆرە هێرمێنۆتیکە پێی دەوترێت "بابەتی" و "نەرێنی"، تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان و دەستنیشانکردنی هەڵەی وشەیی و ڕێزمانی، نەک لێکدانەوەیەکی قوڵ و ئەرێنی بۆ واتا. هەروەها بابەتییەکەی لەبەر ئەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ تایبەتمەندییە زمانەوانییە تایبەتەکانی دەقەکەدا دەکات و "نەرێنی"یەکەی بەو واتایەکە زیاتر خەمی ئاشکراکردنی هەڵە و کەموکوڕییەکانە لە بەکارهێنانی وشەسازی و ڕێزماندا نەک شیکارییەکی قوڵ و ئەرێنی بۆ واتا. (پالمر، ١٤٠١: ٤٢).

لە پێناسەکردنی ئەم جۆرە هێرمێنۆتیکەدا "ڕیچارد پاڵمەر" دەنوسێت: ئەگەر خوینەری دەقەکە بچێتە ناو ئەو پێکهاتە ڕستەیانەی کە قسەکەر وتویەتی، ئەوا لێکدانەوەیەکی ڕستەیی "ڕێنمای"ی کردوە، لێکدانەوەی ڕستەیی بەپێی ڕێسای بابەتیی و گشتی بە ئاماژەدان بە شوێنی قسەکە ئەنجام دەدرێت. (پالمر، ١٤٠١: ٤١). لێرەدا پاڵمەر پیشاندەدات کە لێکدانەوەی وشەیی، یان ڕێزمانی بە واتای تەرکیزکردنە تەنیا لەسەر پێکهاتەی زمانەوانی و ڕستەسازیی دەقێک، بەبێ ئەوەی قوڵ ببنەوە لە چینی واتا مێژویی و دەرونییەکانیدا. وەها لێکدانەوەیەک سنوردارە بە ڕواڵەتی زمان و ڕێساکانی ڕێزمانی و لە ڕوانگەی هێرمینۆتیکییەوە بە تێگەیشتنێکی ڕوکەش دادەنرێت، چونکە تەنها لە شێوەی وشەدا واتا دەبینێت نەک لە چوارچێوە و مەبەستی قسەکەردا.

دوەم: هێرمێنۆتیکی تەکنیکی: هێرمێنۆتیکی تەکنیکی یان "دەرونی"، تیشک دەخاتە سەر لایەنە تاکەکەسییەکان و هزریەکانی نوسەر و ئامانجیشی ڕێنماییکردنی وەرگێڕە بۆ ناوەڕۆک و هەڵوێستە دەرونییەکانی. شلایرماخەر دەڵێت: بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ئاخاوتن تێبگات، دەبێت کەسایەتی و ئاسۆی هزری و گریمانەکانی قسەکەر بزانێت و ئەم پرۆسەیەش دولایەنەیە؛ واتە تێگەیشتن لە دەق پەیوەستە بە هەردو تایبەتمەندی قسەکەر و گریمانەکان و ئاسۆی واتاسازی وەرگێڕ. هەروەها شلایرماخەر جیاوازی دەکات لە نێوان دو جۆری هێرمێنۆتیکدا: هێرمێنۆتیکی ڕێزمانی کە تیشک دەخاتە سەر پێکهاتە و ڕێساکانی زمان، هەروەها هێرمێنۆتیکی تەکنیکی یان دەرونناسی کە ئامانجی تێگەیشتنە لە تاکایەتی و مەبەستی نوسەر. ئەو پێی وایە زمان و هزر هاواتا نین، بەڵکو زمان تاکە ڕێگایە بۆ ناسینی ژیر و ئەزمونی نوسەر. بۆیە تێگەیشتن لە دەقێک تەنیا کاتێک دەکرێت کە شیکاری زمانەوانی لەگەڵ بنیاتنانەوەی دەرون مێژویی نوسەردا تێکەڵ بکرێت. لە ئەنجامدا تێگەیشتنی ڕاستەقینە بۆ شلایرماخەر لە ئەنجامی کارلێکی دینامیکی نێوان زمان و تاکایەتی نوسەر لە بازنەی هێرمێنۆتیکدا سەرچاوە دەگرێت، نەک تەنها پشتبەستن بە زمان. (پالمر، ١٤٠١: ٧٣–٧٤)

لە هێرمێنۆتیکی شلایرماخەردا "تێگەیشتن" بەواتای بنیاتنانەوەی دەرونی و دوبارە ئەزمونکردنەوەی ئەو بیرکردنەوانە دێت کە دەقەکەیان خوڵقاندوە. ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتن لە مەبەست و هزری نوسەر هەیە و لەسەر بنەمای "بازنەی هێرمێنۆتیک" ئەنجام دەدرێت، کە تێگەیشتن لە هەر بەشێک پەیوەستە بەکۆی گشتی و تێگەیشتن لەکۆی پەیوەستە بە بەشەکانییەوە. لەم پرۆسەیەدا واتای هەر وشەیەک لە چوارچێوەی ڕستەکەیدا ڕون دەبێتەوە و

ڕستەکەش لە پێوەندی لەگەڵ تەواوی دەقەکەدا واتا وەردەگرێت. "ئەوەی مرۆڤ هەستی پێدەکات، بە یەکێتییە ئاساییەکان یان خولگەی بەشەکان ڕێکخراوە. بە تایبەتی واتای هەر وشەیەک لە دەقەکەدا بەو ڕستەیە دیاریدەکرێت کە تێیدا دەرکەوتوە. لە لایەکیترەوە واتای تەواوی ڕستەکەش بەندە بە واتای تاک وشەکانەوە. ئەم پەیوەندییە دیالکتیکییەی نێوان کۆ و بەشەکە، تێگەیشتن دەکاتە پرۆسەیەکی بازنەیی". (شلایرماخر، ١٣٩٧: ٤٢). شلایرماخەر جەختی لەوە کردەوە کە تێگەیشتن لە دەق پێویستی بە گرنگیدان بە لایەنە زمانەوانیەکان "ڕێزمان و پێکهاتە" و لایەنە هزریەکانی "مەبەستی نوسەر" لە یەک کاتدا هەیە.

"کو امریو" یەکێک لە نوسەرە دیارەکانی بواری هێرمێنۆتیک، سەبارەت بە بازنەی هێرمێنۆتیک دەنوسێت: واتایی وشە تەنیا لە ڕوی ئەو ڕستەیە تێدەگەین کە وشەکە بەشێکە لێی و ئەو ڕستەیە تەنیا لە ڕوی وشە پێکهێنەرەکانییەوە دەتوانرێت تێبگەین. (کوامریو، ١٣٦٥: ٣٥). شلایرماخەر باسی لەوە دەکرد کە تێگەیشتن لە دەقێک بەهۆی جوڵەیەکی دوبارەبوەوە لە نێوان بەشە بچوکەکان و تەواوی دەقەکەدا دادەڕێژرێت، کە ناوی لێنابو "بازنەی هێرمێنۆتیک". بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە قسەکەر و گوێگر زمان و بابەتێکی هاوبەشیان هەبێت. ئەو پێی وابو بۆ ئەوەی مرۆڤ بە وردی لە دەقێک تێبگات، دەبێت هەم زمان و هەم پێکهاتەی ڕستە و هەم مەبەست و هزری نوسەر لەبەرچاو بگرێت. ئەم بۆچونە ڕێگەیەکی نوێی پێشکەش کرد بۆ باشتر تێگەیشتن لە دەقەکان، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەیلەسوفەکانی دواتر هەبو و تا ئێستاش وەک بناغەیەکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە لە لێکدانەوەدا ماوەتەوە.

### ٢-٣- هێرمێنۆتیکی گادامێر:

هانس جۆرج گادامێر، خوێندکاری هارتمان و هایدگر، بە گرنگیدان بەبون و تێگەیشتنی مرۆڤ پەرەی بە هێرمێنۆتیکی داوە. ئەو ویستویەتی پیشانبدات کە لێکدانەوە و تێگەیشتن تەنیا دۆزینەوەی ڕاستی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی زمانەوانی و مێژوییشە. گادامێر جەختی لەسەر ڕۆڵی پێشگریمانەکان و چوارچێوەی کولتوریی لە تێگەیشتندا کردەوە و ئەم بۆچونە لە بوارەکانی وەک ڕەخنەی ئەدەبی، لێکدانەوەی یاسایی، و تێگەیشتن لە دەقە ئایینییەکان جێگای بایەخە، کتێبە سەرەکییەکەی "ڕاستی و میتۆد" هێمایەکی گرینگە لە فەلسەفەی هێرمێنۆتیکدا.

بابەتی زمان کە هایدگر تەنیا لە دوایین سەردەمی ژیانیدا بایەخی پێداوە تەوەری گفتوگۆکانی هێرمنیۆتیک گادامێر بوە، بۆچونی ناوازەی گادامێر لەم بوارەدا ئەوەیە کە تێبینی دەکات تەنها بە قسەکردن لەسەر "بون" دەتوانرێت لە زمان تێبگەین. لە روانگەر گادامێرەوە "هێرمۆنتیک پیشاندەری شێوازی لێکگرێدانی هەمو ئەزمونەکانی مرۆڤە لە جیهاندا، چونکە هەمو ئەزمونێک ناچار دەبێ درکی پێ بکرێ، لەم تێگەیشتن و درک پێکردنەدا زمانی مرۆڤ ڕۆڵی بنەرەتی لە ئەستۆیە، زمان لە پشتەوەی ئەزمونەکان نەشاردراوەتەوە، بەڵکو پێکهاتەی بنەڕەتی هەمو ئەزمونێکە". (نیکفەر، ٢٠٠٧: ١٢٩). بەبۆچونی ئەو هێرمنیۆتیک جگە لە ڕوبەڕوبونەوەی "بون" لەڕێگەی زمانەوە هیچیتر نییە و ئامانجی گەیشتن بە مەبەستی نوسەر نییە، بەڵکو تێگەیشتن لە خودی دەق و ئەو واتایەیی کە لەم کاتەدا بۆ ئێمە هەیەتی بە لێکۆڵینەوە لە مەرجەکانی تێگەیشتن دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئێمە تەنها لە ڕێگەی پێشینەکانمانەوە دەتوانین لێی تێبگەین، وەلاوەنانی ئەم پێشینانە نەڕاست و نەگونجاوە. گادامێر زمان نەک هەر بە ئامرازێک بۆ گەیاندنی واتا، بەڵکو بە فەزای دەرکەوتنی ڕاستی دەزانێت، گادامێر لەگەڵ ئەو قسەیەی هایدگر هاوڕایە کە ردەلیت."زمان ماڵی بونە، مرۆڤیش لە زماندا دەژی". (Gadamer, 2004: 470). هایدگر و گادامێر زمان بە زیاتر لە ئامرازێکی پەیوەندی دەزانن و وەک بنەمای سەرەکی "بون" و "تێگەیشتنی مرۆڤ" دەیناسێنن. واتا "بون" لە ڕێگەی زمانەوە خۆی بۆمان ئاشکرا دەکات. بۆیە تێگەیشتن هەمیشە لەناو زماندا ڕودەدات و تەنانەت خودی وەرگێڕیش لە چوارچێوەی ئەم چوارچێوە زمانەوانییەدا هەڵکەوتوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش جەخت لەسەر چەمکی "مێژوگەرایی تێگەیشتن" دەکاتەوە و پێی وایە هیچ تێگەیشتنێک بەبێ

گریمانە و پێشوەختەییەکان پێکنایەت. ئەم گریمانانە بەربەستنین لەبەردەم تێگەیشتن، بەڵکو بەشێکن لە ئەگەرەکانی. "یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی هێرمێنۆتیکی گادامێر بریتییە لە "یەکخستنی ئاسۆکان"، واتە نزیکیی ئاسۆی مێژوویی وەرگێڕ و دەق، کە دەبێتە هۆی دروستبونی تێگەیشتنێکی نوێ. هەروەها ئاماژە بە "لۆجیکی گفتوگۆ" دەکات وەک مۆدێلی بنەڕەتی تێگەیشتن، تێگەیشتنیش کاتێک دروست دەبێت کە پەیوەندییەکی دیالکتیکی و گفتوگۆیی لە نێوان ئێمە و ئۆبژەکەدا دامەزرێت". (470 :Gadamer, 2004).

لەم میتۆدە تێگەیشتن لە ڕێگەی پرۆسەی دیالێکتیکدا ڕوودەدات، دیالێکتیکێک کە تێیدا مرۆڤ نەک هەر دەبێتە پرسیارکەر، بەڵکو دەبێتە ئەو کەسەی کە پرسیاری لێدەکرێت. ڕاستی لە ڕێگەی ئەم بەریەککەوتنە دیالکتیکییەوە لەگەڵ ئەوی دیکەدا ئاشکرا دەبێت، نەک لە ڕێگەی میتۆدی پێشوەختە دیاریکراوەوە. "گادامێر بە ڕونی دەڵێت: کە مێتۆد توانای دۆزینەوەی ڕاستی نوێی نییە، بەڵکو تەنیا دەتوانێت ئەو شتانە ئاشکرا بکات کە پێشتر لەناویدا شاراوەتەوە." (486 :Gadamer, 2004) بەم پێیە تیۆری هێرمێنۆتیک وەک فەلسەفەیەکی تێگەیشتن کە بونی مرۆڤ هەمیشە لە پرۆسەی لێکدانەوەدا بەشدارە دەخاتە ڕو. لە ڕوانگەی ئەوەوە دەق و وەرگێڕ و بارودۆخی مێژوویی لە کارلێکی دیالێکتیکی دینامیکیدان و ئەم کارلێکە ڕاستییەکان ئاشکرا دەکات. هەروەها بۆ ئەوەی باشتر لە هرمونتیکی گادامیر تێبگەین، دەبیت لە چەمکە ناوەندییەکانی هێرمێنۆتیکەکەی تێبگەین، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- تێگەیشتن وەک ئەزمونێکی ئۆنتۆلۆژی: بەپێچەوانەی شێوازە زانستییە ئاساییەکان، گادامێر تێگەیشتن بە "ئەزمونێکی ئۆنتۆلۆژی" دەزانێت، ئەزمونێک کە مرۆڤ و جیهان "یان دەق" لە پەیوەندییەکی زیندو و دیالکتیکیدا لەگەڵ یەکتردا دروست دەبن. "تێگەیشتن تەنیا ڕەنگدانەوەی زانینی پێشومان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە کە بونی مرۆڤ لە بەریەککەوتنی لەگەڵ جیهان و دەقە نەریتییەکاندا لە دادەڕێژیت". (296 :Gadamer, 2004). ئەم بۆچونە کە لە ژێر کاریگەری هایدگردایە جەخت لەسەر مرۆڤ دەکاتەوە وەک بونەوەرێکی تێگەیشتو، کە واتای خۆی لە ناخی نەریتدا دەدۆزێتەوە.

٢- پێشوەختەی تێڕوانین و پێشوەختەی زانینەکان: یەکێک لە خاڵە داهێنەرەکانی گادامێر پێناسەکردنەوەی "پێشبینی"، یان "پێشوەختە"یە، بە پێچەوانەی واتای نەرێنی باو ئەو پێشگریمانەکان بە بەربەست لە بەردەم تێگەیشتن نازانێت، "پێشوەختەی زانین نەک هەر بەربەست نییە لە بەردەم تێگەیشتن، بەڵکو مەرجی سەرەتاییە. بە بۆچونی ئەو مرۆڤ ناتوانێت بە ژیرەکی بەتاڵ ، ڕوبەڕوی دەقێک، یان نەریتێک ببێتەوە، بەڵکو هەمیشە مرۆڤ پێشوەختە بە هەندێک چاوەڕوانی و بیروباوەڕ و ئەزمونەوە دەچێتە ناو مەیدانی لێکدانەوە". (251-252 :Gadamer, 2004). بۆ گادامێر خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە کە "هەندێک پێشوەختە " پێویستن"، چونکە تێگەیشتن بەبێ پاشخان بە سادەیی ڕونادات.

٣- ئاوێتەبۆنی ئاسۆکان: بۆ گادامێر "ئاسۆ" کۆمەڵەی بیروباوەڕ و زمان و ئەزمون و چاوەڕوانییەکانمانە. "تێگەیشتن کاتێک ڕودەدات کە ئاسۆی ئێمە لەگەڵ ئاسۆی دەقەکە، یان شتێکی دیکەدا خەریک بێت و لەم پەیوەندییەوە ئاسۆیەکی نوێ دروست دەبێت". (306 :Gadamer, 2004). ئەم پرۆسەیە بەپێچەوانەی ڕوانگەی بابەتیيانە جۆرێکە لە دیالۆگی زیندو لە نێوان ڕوانگە جیاوازەکاندا، نەک تەنها خۆگونجاندنێکی نەرێنی لەگەڵ واقیعدا.

٤- مێژوییبونی تێگەیشتن لە هێرمێنۆتیکی گادامێردا: لای گادامێر هیچ لێکتێگەیشتنێک لەدەرەوەی مێژو و کولتور دروست نابێت. "لە ئەنجامدا هەر لێکدانەوەیەک کردەوەیەکی بێلایەن نییە، بەڵکو ڕوداوێکی مێژوییە کە لە نەریت و ئاسۆ و پێشبینییەکانی سەردەمی لێکدەرەوە سەرهەڵدەدات". (301-302 :Gadamer, 2004). ئەم بۆچونە جیاوازە لە هێرمێنۆتیکی کلاسیکی شلایرماخەر و دیلتای، ئەوان هەوڵیان دەدا "واتای ڕەسەن" و مەبەستی نوسەر بنیات بنێنەوە، بەڵام گادامێر جەخت لەسەر پەیوەندییە زیندوەکەی نێوان ڕابردو و ئێستا دەکاتەوە.

٥- لوجیکی دیالوگ وپێگەی دیالێکتیک لە پێوەندی لەگەڵ میتۆد: گادامێر بە ئیلهام وەرگرتن لە دیالێکتیکی ئەفلاتون، تێگەیشتن وەک دەرئەنجامی دیالۆگێکی دینامیکی دەبینێت کە تێیدا دەق و وەرگێڕ کارلێک دەکەن. "دیالۆگ کاتێک ڕەسەنە کە لایەنەکان نەک هەر قسە بکەن، بەڵکو گوێیان لێدەگرن." (Gadamer, 2004: 385). ئەو دیالۆگی ڕەسەن بەقەد قسەکردن بە گرنگ دەزانێت. هەروەها پرسیارکردنی چالاک وا دەکات بتوانرێت واتا بدۆزرێتەوە و تێگەیشتن لە ڕەوتی ئەم پرسیارانەدا دروست دەبێت نەک لە وەڵامی کۆتاییدا. "پرسیارکردن ئەگەری واتاسازی دەکاتەوە". (ازاد، ١٤٠٠: ١١٤). مەرجی ئەم پرۆسەیە "کراوەیی" وەرگێڕە بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەقەکەوە شتێک فێربێت کە پێشتر نەیدەزانی.

٦- زمان لای گادامێر تەنیا ئامرازی گواستنەوەی واتا نییە، بەڵکو "ماڵی بون"ە، لەو شوێنەی کە بون بۆمان ئاشکرا دەبێت. تێگەیشتن هەمیشە لە چوارچێوەی زماندا دروست دەبێت و بەبێ ئەو تێگەیشتن ئەستەم نییە. "وەک چۆن ڕوناکی ئەو نێوەندگیرێک کە جوانی شتە بینراوەکان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات و بەبێ ئەو ناتوانین هەست بە جوانییە بەرجەستەکراوەکان بکەین، زمان ئەو نیوەندگیریەیە کە بونمان بۆ ئاشکرا دەکات. ڕوناکی جوانی شتە جوانەکان دەکاتە شتێکی واتادار بۆ ئێمە، زمانیش هەمان ڕۆڵی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ بوندا. سەرهەڵدانی بونەکان لە ڕێگەی وشەوە ڕودەدات، بۆیە بون لە ڕێگەی زمانەوە تێگەیشتنە". (ازاد، ١٤٠٠: ١٧٩). زمان هەمان ڕۆڵی هەیە بۆ تێگەیشتن وەک ئەوەی ڕوناکی بۆ بینین دەیگێڕێت، بەبێ ئەو هیچ شتێک ئاشکرا نابێت.

٧- پەیوەندی نێوان دەق و وەرگێڕ لە هێرمێنۆتیکدا: بۆ گادامێر ئامانجی کۆتایی لێکدانەوە دۆزینەوەی ئەو واتایەیە کە دەقەکە ئەمڕۆ بۆ ئێمە هەیەتی، نەک تەنها مەبەستی نوسەر، یان بیرکردنەوەی خوێنەر. تێگەیشتنی تەواو کاتێک ڕودەدات کە دەقەکە بتوانێت پەیوەندی بەبارودۆخی ئێستامانەوە هەبێت، شتێک کە گادامێر پێی دەڵێت "بەکارهێنان"، یان "گونجاندن". تێگەیشتن بەشداریکردنە لە ڕەوتی دینامیکی نەریتدا کە ڕابردو و ئێستا تێیدا تێکەڵاون". ( Gadamer, 2004: 291). گادامر تێگەیشتن وەک بەشێک لە ڕەوتی زیندویی نەریت دەبینێت کە ڕابردو و ئێستا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٨- گەڕان بەدوای نەریت لە هێرمێنۆتیکی گادامێردا: بەبۆچونی گادامێر نەریت خۆی سەکۆیەکی زیندو و دینامیکییە بۆ ئەگەری دیالۆگ و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە واتادا. "جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە نەریت شتێک نییە کە بە سادەیی لە ڕابردووەوە بەسەرماندا بسەپێندرێت، بەڵکو شتێکە کە ئێمەی تێدا بەشدارین". (بولتمان، ١٣٩٥: ٨٤). نەریت بەربەست نییە لەبەردەم بیرکردنەوەدا، بەڵکو پاشخانی زیندو و دینامیکییە بۆ گفتوگۆ و لێکدانەوە. بە پێچەوانەی تێڕوانینی ڕۆشنگەری، پێی وایە مرۆڤ هەمیشە لە چوارچێوەی نەریتەکانیدا بیردەکاتەوە و هەرگیز ناتوانێت خۆی بەتەواوی لێیان جیابکاتەوە. زمان و کولتور و مێژوی هاوبەش هەر ئەو پاشخانانەن کە گریمانە و بەهاکانمان دادەڕێژن و بەبێ ئەوان تێگەیشتن محالە.

لە سەردەمێکدا کە میتۆدی زانستی زاڵ بو بەسەر زانستە مرۆییەکاندا، گادامێر دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ ئەوەی بیر لە پەیوەندیمان لەگەڵ نەریت و زمان و مێژودا بکەینەوە. جەخت لەوە دەکاتەوە کە تێگەیشتن لەسەر بنەمای پێشوەختە و دیالۆگ دامەزراوە و تێگەیشتن تەنها ئامرازێک نییە بۆ زانین، بەڵکو شێوازێکە بۆ پەیوەندیکردن بە ئەویترەوە. هەرچەندە هێرمێنۆتیکەکەی بە ئاشکرا ڕەخنە لە پێکهاتەکانی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا ناگرێت و هەندێکیش بە کۆنەپەرستانە دەزانن. بەڵام ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پەروەردەکردنی گفتوگۆ لە نێوان نەریت و سەردەمدا. بە گشتی هێرمێنۆتیکی گادامێر ڕەگ و ڕیشەی تێگەیشتن لە چوارچێوەی مێژو و زماندا دادەڕێژێت و لە وەهمی بێلایەنی میتۆدۆلۆژی ڕزگارمان دەکات.

## ئەنجام:

لێکۆڵینەوە لە دیالێکتیک و هێرمێنۆتیک وەک دو میتۆدی گرنگ ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕن لە تێگەیشتن لە ئاڵۆزییە فەلسەفی و مێژویی و دەقییەکان. گرنگی دیالێکتیک لەتوانای شیکردنەوەی دینامیکی و دژایەتی و گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی پێکهاتە فیکری و مێژوییەکاندایە؛ ئەم میتۆدە ڕێگە بەپشکنینی پرۆسەکانی گۆڕانکاری و کارلێکی هێزەکان دەدات و ڕێگری دەکات لە شیکاری ئیستاتیکی و ڕوکەش. هەروەها هێرمێنۆتیک گرنگی خۆی لە بنیاتنانەوەی ئاسۆی واتاسازی نوسەر و گرنگیدان بە گریمانە زمانەوانی و کولتورییەکان نیشان دەدات؛ ئەم میتۆدە دڵنیایی دەدات لەوەی کە دەقەکان و ئەزمونی مرۆڤ لە چوارچێوەی مێژویی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا تێدەگەن و ڕێگری لە شێواندن، یان لێکدانەوەی ڕوکەش دەکات.

لێکۆڵینەوە لە میتۆدەکانی دیالێکتیک و هێرمینۆتیک نەک هەر هێزی شیکاری بابەتیی زیاد دەکات، بەڵکو چوارچێوەیەکی سیستماتیکی و متمانەپێکراویش بۆ تێگەیشتنێکی قوڵ و ورد و زانستی دابین دەکات. بەکارهێنانی هۆشیارانەی ئەم میتۆدانە ڕێگە بەپشکنینی هاوکاتی گۆڕانکاری و ململانێ و بەردەوامی مێژویی کولتوریی دەدات، ئەمەش وا دەکات بتوانرێت ئەو شیکارییانە بخرێنەڕو کە بنەمایەکی باش و هەمەلایانن و کەمتر دەکەونە بەر ڕەخنە.

شیکارییەکی بەراوردکاری بۆ ئەم دو میتۆدە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دیالێکتیک و هێرمێنۆتیک سەرەڕای ڕێبازە جیاوازەکانیان، خاڵی بەرکەوتنی گرنگیان هەیە؛ هەردوکیان پشت بە دیالۆگ دەبەستن وەک پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتا، هەردوکیان مێژو و چوارچێوەی کولتوریی بە بەشدار لە تێگەیشتن دەزانن، هەردوکیان بە یەک جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ڕەخنە و بنیاتنانەوەی چەمکەکاندا دەکەن. لە هەمان کاتدا دیالێکتیک زیاتر سەرنج دەخاتە سەر جوڵەی چەمکی و لۆجیکی و دۆزینەوەی یەکگرتویی لە ناو دژایەتیدا، لە کاتێکدا هێرمێنۆتیک پشت بە کارلێکی نێوان ئاسۆکانی تێگەیشتن و کراوەیی بەرامبەر بە واتای نوێ دەبەستێت.

تێکەڵکردنی تێڕوانینە دیالێکتیکی و هێرمێنۆتیکییەکان دەتوانێت ڕێبازێکی دەوڵەمەند و فرەڕەهەند بۆ شیکردنەوەی پرسە ئاڵۆزەکان دابین بکات، ڕێبازێک کە هەم دینامیکی چەمکی و هەم پاشخانی مێژویی زمانەوانی واتا لەبەرچاو بگرێت. ئاوێتەیەکی لەو شێوەیە نەک هەر تێگەیشتنمان لە فەلسەفە و میتۆدۆلۆژیاکەی قوڵتر دەکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت هاوکار بێت بۆ فراوانکردنی ئاسۆی توێژینەوە لە بواری زمانی کوردی و بەستێنە هزری کولتورییەکانی تردا.

## سەرچاوەکان:


قرآن، سورە آل‌عمران، اياتی ٧

عەزیز، حمید (٢٠١٩): بارگۆڕینی فەلسەفە(شیکردنەوەی لۆجیکی)، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.

عزیز، حمید، ( ٢٠١٦): مێتافیزیک (ڕەهەند و ئاسۆ)، چاپی یەکەم، چاپخانەی روژهەڵات، هەولیر.

عزیز، حمید، (٢٠٠٨): سەرتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولیر.

عزیز، حمید، (٢٠٠٩): توماس ئەکوینی ڕابەری فەلسەفەی سکولاستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

عزیز، حمید، (٢٠١٢): فەلسەفەی نۆی لە ئەوروپا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولیر.

عزیز، حمید، (٢٠١٣): فەلسەفەی زانستی کەلام، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

کمال، محمد، (٢٠١١): فەلسەفەی هێگل، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ژانر، سلێمانی.

کمال، محمد، (٢٠١٦): لۆجیکی هیگل، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلیمانی.

نیکفەر، رەزا (٢٠٠٧): پێکهاتە و هێرمۆنۆتیک، و: ئیسمائیل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هە ولێر.

ئەفلاتون (٢٠٢٠): سیمپۆزیەم، و: ئاوات ئەحمەد سولتان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
ئەفلاتون (٢٠٠٩): کۆمار، و: محمد کمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلیمانی.
احمدی، بابک (١٣٨١): ساختار و تأویل متن، چاپ پینج، نشر مرکز، تهران.
ازاد، علی رضا (١٤٠٠): فهم فهم (اشنایی و هرمونتیک فلسفی گادامر)، چاپ اول، انتشارات نیکا، مشهد.
اسپینوزا، باروخ (١٣٩٠): رساله در باب الهیات سیاسی، ت: علی اکبر سیاسی، چاپ پنجم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
افلاطون (١٣٨٠): دوره آثار افلاطون، ت: محمدحسن لطفی و رضا کاویانی، چاپ سوم، انتشارات خوارزمی، تهران.
امربو،کو (١٣٦٥): نظریه نشانەشناسی، ت: محمود کیانوش، چاپ اول، انتشارات نی، تهران.
بولتمان، رودلف (١٣٩٥): عیسی مسیح و اسطوره، ت: افشین شاهیده، چاپ اول، انتشارات پارسه. ، تهران.
پالمر، ریچارد (١٤٠١): هرمنوتیک: تفسیر متون مقدس، ادبیات و فلسفه، ت: شاهرخ حقیقی، چاپ چهارم، انتشارات هرمس، تهران.
دیلتای، ویلهلم (١٣٨٩): تشکیل جهان های تاریخی در علوم انسانی، ت: منوچهر صانع درەبیدی، چاپ اول، انتشارات ققنوس، تهران.
ریکور، پل (١٣٨٢): هرمنوتیک و علوم انسانی ت: محمد سعید حنایی کاشانی، چاپ پنجم، انتشارات نی، تهران.
ژاک، دریدا (١٣٨٣): نوشتار و تفاوت، ت: علی‌اصغر حکمت، چاپ پنجم، انتشارات مرکز، تهران.
سورن کی‌یرگگور (١٤٠١): مفهوم اضطراب، ت: صالح نجفی، چاپ اول، نشرمرکز، تهران.
فریدریش، شلایر ماخر، (١٣٩٧): هرمنوتیک، ت: محمد ابراهیم باسط، چاپ سوم، انتشارات نی، تهران.
فولکیه، پل (١٤٠٠): دیالکتیک، ت: مصطفی رحیمی، چاپ اول، انتشارات جاوید، تهران.
کارل مارکس (١٣٨٣): مقدمەای بر نقد اقتصاد سیاسی، ت: حسن مرتضوی، چاپ سوم، نشر آگاه، تهران.
کانت، ایمانوئل (١٣٩٨): نقد عقل محض، ت: عبدالکریم رشیدیان، چاپ پنجم، انتشارات ققنوس، تهران.
کراوت، ریچارد (١٣٩٣): افلاطون، ت: خشایار دیهیمی، چاپ ششم، انتشارات طرح نو، تهران.
کریم، مجتهدی (١٣٨٣): فلسفەی هگل، چاپ اول، طرح نو، تهران.
گروندن، ژان (١٣٩١): هرمونتیک ت: محمد رضا ابو القاسمی، چاپ چهارم، انتشارات ماهی، تهران.
میلر، میچل (١٣٩٥): راه سقراطی، در مجموعەمقالات (افلاطون و دیالکتیک)، ت: محمد صناعی، چاپ اول، نشر حکمت، تهران.
هگل، گئورگ ویلهلم فریدریش (١٤٠١): پدیدارشناسی روح، ت: بیرنگ شیبانی‌نیا و امین کوهی، چاپ دوم،نشر مرکز، تهران.
هگل، گئورگ ویلهلم فریدریش (١٣٨٠): علم منطق، ت: عزیزالله علیزاده، چاپ اول، انتشارات مرکز، تهران.
هگل، گئورگ ویلهلم فریدریش (١٣٨٩): فلسفه طبیعت، ت: همایون کاکاسلطنت، چاپ اول، انتشارات طهوری، تهران.
هگل، گئورگ ویلهلم فریدریش (١٤٠٠): علم منطق، ت: حسن مرتضوی، چاپ اول، نشر نی، تهران.
Kelly, J. N. D. (1998). Early Christian Doctrines (5th ed.). New York: Harper & Row.
Palmer, Richard E. (1969). Hermeneutics: Interpretation Theory in Schleiermacher, Dilthey, Heidegger, and Gadamer (1st ed.). Evanston, Illinois: Northwestern University Press.
Gadamer, Hans-Georg. (2004). Truth and Method (2nd rev. ed.; Translation revised by Joel Weinsheimer and Donald M. Marshall). London: Bloomsbury Academic.